# مێژووی خوێندن لە حوجرەی هیران و پاشخانی زانستیی صافی هیرانی

**د. سالار تاوگۆزی**[1]

## پوختە

ئامانج لە ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە مێژووی خوێندنی ئایینی لە ئیسلام و مێژووی حوجرەکانی کوردستان، بەتایبەتی (حوجرەی هیران) بخاتەڕوو. هەروەها دەیەوێت ئەو مەنهەجی خوێندنە نیشان بدات کە لە حوجرەکانی هەرێمی کوردستاندا خوێندراوە و پاشخانی زانستیی شاعیرانی کلاسیکی کوردی بە (صافی هیرانی)شەوە بنیاتناوە.

توێژینەوەکە لە دەروازەیەک و دوو تەوەر و چەند ئەنجام و ڕاسپاردەیەک پێکهاتووە، لە دەروازەدا توێژەر بەشێوەیەکی گشتی باسی لە مێژووی قوتابخانەی ئایینی لە ئیسلامدا لە (ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمەوە بۆ کوردستان) کردووە و بۆچوونەکانی سەبارەت بە دەرکەوتنی حوجرە لە کوردستاندا باس کردووە. لە تەوەرەی یەکەمیشدا (مێژووی حوجرەی هیران)ی لەسەردەمی میر سولەیمان (میری سۆر- میری سۆران)ەوە تا سەردەمی دوایین پۆستنشینی بنەماڵەی کاکەکانی هیران باس کردووە کە (کاک مەلا سانی)یە و لە ساڵی (١٩٧٧ز)ەوە تا ئەمڕۆ پۆستنشینە. بەشی دووەمی توێژینەوەکەش تایبەتە بە (پاشخانی زانستیی صافی هیرانی)، لەسەر بنەمای ئەو مەنهەجە ستانداردە دروست بووە کە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لە حوجرەکانی کوردستاندا بە هەندێک گۆڕانکارییەوە پەیڕەو دەکرێت. لە کۆتاییشدا توێژەر ئەنجام و پێشنیازەکانی توێژینەوەکەی خستووەتەڕوو.

گرنگترین ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە کراوەیی بیری صافی هیرانی و هەڵوێستی ئەرێنی بەرانبەر تەریقەت و ئایین و ئاینزاکانی دیکە بەهۆی

---

[1] زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە، بەشی زمانی عەرەبی

کاریگـەریی تەسـەوف و عیرفـان و ئـەدەب و هونـەر و ئـەو مەنهەجـە زانستییەوە بووە کە لە حوجرەکانی ئیسلامی نەریتیدا خوێندوویـەتی. جێگای ئاماژەیە، هـەر لـەو مەنهەجـەدا کتێبە عەقڵییـەکانی وەکو فەلسـەفە و زانستی کەلام و لۆژیک و ئەدەب هـەن کە فەقێ و مـەلاکانی کۆنیان لـە توندڕەوی و دەمارگیری دوور خستووەتەوە و بەرەو پێکەوەژیان ئاراستەی کردوون.

## پێشەکی

ئـەم توێژینـەوە بـە ناونیشـانی (مێـژووی حـوجرەی هیـران و پاشـخانی زانسـتیی صـافی هیرانـی) نووسـراوە. هۆکـاری هـەڵبژاردنی ئـەم ناونیشـانەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە حـوجرەی هیـران لـە مێـژوودا ڕۆڵێکـی بـەرچاوی لـە بـواری زانسـتیی و ئـەدەبی و سـۆفیگەری و کۆمەڵایـەتی و کوردایەتیـدا هـەبووە، بـەڵام وەک پێویسـت لـە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی سەربەخۆدا باسی نەکراوە.

ئامـانجی توێژینـەوەکـە نیشـاندانی ڕۆڵـی حـوجرە و مێـژووی خوێنـدنی ئاینییە لە هەرێمی کوردستاندا، لەگـەڵ باسکردنی ئـەو ژینگـە زانستی و ئاینییەی کە صافی هیرانی لە سایەیدا پەروەردە بووە، بەبێ باسکردنی ئـەو ژینگەیـەش، لایـەنێکی گرنگـی ژیـانی شـاعیر ڕوون نابێتـەوە کـە (شوێن)ـە، بێگومان شوێنیش کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسـەر کەسایەتی شاعیران و زانایان هەیە.

بایەخی توێژینەوەکە دیاریکردنی پێگەی زانسـتیی حـوجرەی هیرانـە لـە مێـژووی خوێنـدنی ئـایینی لـە کوردسـتاندا، لەگـەڵ خسـتنەڕووی ئـەو مەنهەجـە زانسـتییە سـتانداردەی کـە هـەر لەکۆنـەوە تـا ئـەمڕۆ لـە حوجرەکـانی ئیسـلامی نـەریتی کوردسـتاندا – بـە هەنـدێک جیـاوازیی کەمـەوە- پـەیڕەو دەکرێـت و چەنـدین کەسـایەتی ئـایینی و ئـەدەبی و

کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ کورد و جیهانی ئیسلامیی بەرهەمهێناوە بە (صافی هیرانی)شەوە.

کێشەی توێژینەوەکە ناڕوونی مێژووی پەیدابوونی حوجرەکانی کوردستان و پەرتەوازەیی مێژووی حوجرەی هیران وپەرت و بڵاوی زانیارییەکانە سەبارەت بە خوێندنی زانستیی صافی هیرانی، ئەویش لەبەرئەوەی هەر ماوەیەک لە حوجرەیەک و لای مامۆستایەکی ئایینی خوێندوویەتی کە ناوی هەریەکەیان لە سەرچاوەیەکدا هاتووە. بێگومان کۆکردنەوە و لە یەکدانی ئەو زانیارییانەش ئاستەنگی لە بەردەم توێژەردا دروستکرد، بۆ ئەمەش پەنای بردە بەر مەنهەجی ستاندارد و پەیڕەوکراوی حوجرەکانی ئیسلامی نەریتی لە کوردستان کە لەمێژە تا ئەمڕۆ پەیڕەو دەکرێت بە هەندێک جیاوازی کەمەوە. هەروەها لە ڕێگەی بە دواداچوون بۆ ئەو مەنهەجە و گەڕانەوە بۆ شیعرەکانی صافی و گێڕانەوە و زانیارییەکان سەبارەت بە خوێندنی شاعیر و هۆکاری وەرنەگرتنی ئیجازەی زانستیی مەلایەتی لە لایەن صافی و مێژووی بنەماڵەی کاکەکانی هیران و پاشخانی زانستی و ئاینییان، توێژەر توانی بەسەر ئاستەنگەکەدا زاڵ بێت.

ئەو پرسیارانەی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا وەڵامیان دەداتەوە دوو پرسیاری سەرەکین و دەڵێن: ئایا مێژووی حوجرەکانی کوردستان بە گشتی و حوجرەی هیران بە تایبەتی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ ئەو مەنهەجە کامەیە پاشخانی زانستیی (صافی هیرانی) و شاعیرانی کلاسیکی کوردی و مەلا کۆنەکانی ئیسلامی نەریتی پێکهێناوە و کردوونی بە مرۆڤێکی کراوەی وەها کە پێکەوەژیانیان قەبوڵ بێت و لە دەمارگیری و توندڕەوی و ڕەتکردنەوەی بەرانبەر دووربن؟ مەنهەجی پەیڕەوکراو لە توێژینەوەکەدا مەنهەجی مێژووییە، ئەمە جگە لە سەردانی مەیدانی

توێژەر بۆ حوجرە و تەکیەی هیران ودواندنی دەرچووانی دەرچووانی حوجرەکە.

توێژینەوەکە جگە لە – پوختەو پێشەکی- لە دەروازەیەک و دوو تەوەر و ئـەنجام و ڕاسـپاردەکان و پاشـکۆیەک پێکهـاتووە. لـە دەروازەی توێژینەوەکـەدا، تـوێژەر مێـژووی قوتابخانـەی ئـایینی لـە سـەرەتای ئیسلامەوە باس کردووە، لە دوای ئەوەش باسی مێژووی حوجرەی لە کوردستاندا کردووە. تەوەری یەکەمیشی تایبەت کردووە بە مێژووی حوجرەی هیران کە بۆ سەردەمی (میری سۆران) دەگەڕێتەوە، لەو فەلەکەیشـدا ڕۆڵـی کاکـەکانی هیـران، بـە تایبـەتی (صـافی هیرانـی) ڕوونکردووەتەوە. تەوەری دووەمی توێژینەوەکەش باس لە (پاشخانی زانسـتیی صـافی هیرانـی) دەکـات، کـە لەسـەر بنـەمای ئـەو مەنهەجـە بنیاتنراوە کە لە حوجرەکانی ئیسلامی نەریتیدا پەیڕەو کراوە.

لـــە کۆتاییـــدا تـــوێژەر ئـــەنجام و پێشـــنیازەکانی توێژینەوەکـــەی خستووەتەڕوو، پاشان ناوی سەرچاوەکانی لە لیستێکدا تۆمار کردووە.

## دەروازە
## مێژووی قوتابخانەی ئایینی لە ئیسلامدا
## لەماڵی (ئەرقەمی کوڕی ئەرقەم)ەوە بۆ (کوردستان)

مێژووی قوتابخانەی ئایینی لە ئیسلامدا - بەپێی هەندێک سەرچاوە - بۆ سەرەتای دابەزینی سروش (وحي) بۆ پێغەمبەر محمد (د.خ) دەگەڕێتەوە، چونکە لە ئەو سەردەمەدا ماڵی (ئەرقەمی کوڕی ئەرقەم) هەبوو، کە تێیدا پێغەمبەر ئەو ژمارە کەمەی خەڵکی کۆدەکردەوە، کە بڕوایان پێی هێنا بوو تا پەیامی ئیسلامیان بۆ ڕوون بکاتەوە. پاشان مزگەوتی (قباء) دامەزراو لە ئەوێ مسوڵمانان ڕاستەوخۆ لە پێغەمبەرەکەیانەوە فێری دەستوورەکانی ئایینی ئیسلام دەبوون، کە پشتی بە قورئان - وەک کتێبێکی ئاسمانی- دەبەست. هەروەها ئیمام (موحەممەدی کوڕی سەحنون) باسی لە ئەوە کردووە لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا هەندێک قوتابخانە (کتاتیب) بۆ لەبەرکردنی قورئان و فێربوونی زانستەکان هەبوون.

لە شاری مەدینەش قوتابخانەیەک بە ناوی (دار القرآن) بۆ لەبەرکردنی ئایەتەکان هەبووە. لە دوای دەستپێکردنی فتوحاتی ئیسلامیش کەتاتیبەکان زیاتر دیار و فراوان بوون و چەند قوتابخانەیەک لە بەسرە، کوفە، فوستات و قەیرەوان کرانەوە و لە سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچیدا گەیشتنە ترۆپک. لە سەردەمی عەبباسییەکانیشدا بایەخێکی زۆر بە خوێندن درا و چەند مزگەوتێک دامەزران کە هاوکات قوتابخانەش بوون، لەوانە مزگەوتی (المنصور) لە بەغداد و چەند مزگەوتێکی دیکەی هاوشێوە لە کوفە و بەسرە. لەناو ئەو مزگەوتانەشدا

بازنەی زانستی هەبووە کە چەندین زانستی ئایینی، زمانەوانی، گەردوونناسی، بیرکاری، پزیشکی و...تاد خوێندراوە.

سەبارەت بە مێژووی قوتابخانە ئاینییەکان لە کوردستان، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کاتێک فتوحاتی ئیسلامی لە سەردەمی (عومەری کوڕی خەتتاب)دا بە سەرکردایەتی (عیازی کوڕی غەنەم) گەیشتە کوردستان وکوردەکان مسوڵمان بوون، چەند مزگەوتێک دامەزران و بوون بە هەوێنی دامەزراوە پەروەردەیییەکان (البرواري، ٢٠١٣، ل ٥٦٤ - ٥٦٧). تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش مزگەوت و حوجرە ڕۆڵێکی باڵایان لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و پێگەیاندنی زانای ئایینی و ئەدیب و ڕۆشنبیری کورددا بە گشتی هەبووە (قادر، ٢٠٢٣، ل ١٢٢)، ئەگەر سەیری مێژووی ئەدەبی کوردی بکەین، ناوی دەیان شاعیری گەورەی وەک (مەلا پەرێشان، مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، نالی، مەولەوی و صافی) و هی تریش دەبینین کە مەلای گەورەبوون و خزمەتی ئەدەب و کەلتوری کوردییان کردووە و لە حوجرەدا پێگەیشتوون. حوجرەش بریتی بووە لە ژووری مەلای مزگەوت، ئەم ژوورە جێی ژیان و وانەگوتنەوەی مەلای مزگەوت بووە، دواتر ناوی ئەم حوجرەیە بڕا بە بەری ئەو قوتابخانە ئاینییانەی کە لە کوردستاندا هەبوون و خزمەتی زۆریان بە زانست و زانیاری لە کوردستاندا کردووە.

نووسەری دیاری کورد (حەمە کەریم هەورامی) کە خۆیشی سەردەمانێک فەقێ بووە، ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی حوجرەی فەقێ- وەک بەشێک لە قوتابخانەی ئیسلامی- بۆ ئەو (کتاتیب)انە دەگەڕێنێتەوە، کە لە سەردەمی ئومەویەکاندا پەیدابوون. سەرەتای پەیدابوونی حوجرەش بەندە بە مزگەوتەوە، چونکە مزگەوت لە کۆنەوە

لە پاڵ ڕۆڵە ئاینییەکەی، ڕۆڵی فێرگەیشی گێڕاوە، ئەم ڕۆڵەی دوایی مزگەوت لە کوردستاندا، بۆ یەکەمجار لە لایەن ئەمیرێکی ئەتابەگییەوە بە ناوی (ئەبا مەنسوور سەرفەتەکین) بە مزگەوت دراوە.

هەندێک سەرچاوەیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن (خدری کوڕی نەسری کوڕی عوقەیل) کە لە ساڵی (٤٨٧)ی کۆچی بەرانبەر (١٠٨٥)ی زایینی لە دایک بووە، لە بەغداد لە سەر دەستی زانا ئاینییە شافیعی مەزهەبەکان خوێندوویەتی، پاشان هاتووەتە هەولێر و ئەمیری ناوبراو مزگەوتێکی بۆ بنیاتناوە تا وانەی تێدا بڵێتەوە، مزگەوتەکەش بە ناوی باپیری ئەو مەلاوە ناوی (مزگەوتی عوقەیلی) لێدەنرێت، لە دوای مردنی مەلا خدر، نەوەکانی لە مزگەوتەکەدا وانەیان گوتووەتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا مێژووی بنیاتنانی یەکەم حوجرە لە کوردستاندا ڕوون نییە، ئەوەش جێگەی گومانە کە مەلا خدر بۆ یەکەمجار حوجرەی لە هەولێر کردبێتەوە، چونکە پێش ئەو چەندین زانای گەورەی شارەزووری لە کوردستاندا هەبوون، تەنانەت ئەوەندە زۆر بوون ڕۆیشتوون بۆ شارە ئیسلامییەکانی دیکەی وەک بەغداد و لەوێ وانەیان گوتووەتەوە، بۆ نموونە (ئەبوبەکری کوڕی ئەحمەدی شارەزووریی) کە لە ساڵی (٢٩٨)ی کۆچی بەرانبەر (٩١٠)ی زانینی کۆچی دوایی کردووە، لە بەغداد مامۆستا بووە. دیارە ئەم زانا ئاینییە شارەزوورییە و زاناکانی دیکەی شارەزوور هەموویان لە بەغداد و دەرەوەی کوردستاندا هەڵنەتۆقیون، بەڵکو پێشتر لە زێدی کوردان خوێندویانە و دواتر بۆ شار و ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی کوردستان ڕۆیشتوون (قەرەداغی، ٢٠٠٩، ل ٢٠).

بەهەر حاڵ، لەو زانیارییانەی بە کورتی و بە کوردی سەبارەت بە مێژووی قوتابخانەی ئاینی لە ئیسلامدا خستمانە پێشچاو، بۆمان

دەردەکەوێت ئیسلام هەر لە سەرەتای هاتنیەوە بایەخی بە خوێندەواری داوە، بۆیە لە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمەوە بەردی بناخەی یەکەم قوتابخانەی ئایینی داناوە، دواتر ئەو قوتابخانانە گەشەیان کرد و لە شارەکانی دیکەدا بڵاوبوونەوە و لەگەڵ مزگەوتدا بوون بە دوانەیەکی لەیەک دانەبڕاو. پاشان فوتوحاتی ئیسلامی ئەم قوتابخانانەی لەگەڵ بنیاتنانی مزگەوتەکاندا بە وڵاتانی دیکەدا بڵاو کردەوە بەکوردستانیشەوە، بەڵام قوتابخانەی ئایینی لەناو کورددا ناوەکەی بوو بە حوجرە و تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی کوردی هەڵگرت و چەندین زانای ئایینی و شاعیر و ڕۆشنبیری بۆ کورد و جیهانی ئیسلامیش پێگەیاند. هاوکات لە ڕووی سیاسیشەوە، هەندێکیان بوون بە مەڵبەندێک بۆ بڵاوکردنەوەی کوردایەتی.

## تەوەری یەکەم
## مێژووی حوجرەی هیران

ناوچەی خۆشناوەتی لە مێژوودا ڕۆڵێکی گرنگی لە خزمەتکردن بە زانست و زانیاریدا هەبووە، هەر لەو ناوچەیەدا چەندین حوجرەی وەک: (حوجرەی ماوەران) و (حوجرەی هیران) هەبوون و دەیان زانای ئاینی گەورەی وەک زانا حەیدەرییەکان و زاناکانی بنەماڵەی کاکی هیرانیان پێگەیاندووە. هەر لەو دەڤەرەوە مەلا (ئەبوبەکر ئەفەندی)، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ڕۆیشتووە بۆ ئەفریقا.

بەڵام ئەو حوجرەیەی کە ئێمە لە ئەم توێژینەوەیەدا باسی دەکەین (حوجرەی هیران)ـە کە بنەماڵەی کاکی هیران بەڕێوەیان بردووە، ئەویش لەبەرئەوەی زانینی مێژووی ئەم حوجرەیە بۆ قسەکردن لەسەر (صافی هیرانی) کە شاعیرێکی کلاسیکی دیاری کورد و مەلایەکی بە

توانا و ڕابەرێکی تەریقەتی قادری و (کاک) ێکی دیاری ناو بنەماڵەی کاکەکانی هیران بووە زۆر گرنگە.

حوجرەی هیران وەک ناوەندێکی زانستی و ڕۆشنبیری، پێگەیەکی تایبەتی لە مێژووی خوێندەواریدا لە کوردستان هەبووە، ئەویش لەبەر ئەوەی لە مەڵبەندێکی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری دیاری وەک (شاری کۆیە) نزیک بووە و خۆیشی مەڵبەندی تەریقەتێکی سۆفیگەری بووە و سەرپەرشتیارانی حوجرەکەش هەم شێخی تەریقەت بوون، هەمیش مەلاچاک بوون و زۆریش پەرۆشی خزمەتکردنی ئەهەلی شەریعەت و تەریقەت بوون، هەر بۆیە حوجرەی هیران ڕۆڵێکی گرنگی لە پێگەیاندنی چەندین زانای ئاینی و ئەدەبدۆست و شیعر دۆست و کوردپەروەر و شاعیری وەک (صافی هیرانی) هەبووە.

مێژووی حوجرەی هیران بۆ سەردەمی حوکمی (میرنشینی سۆران) بە تایبەتی بۆ سەردەمی (خانزادی میری سۆران) لە دەوروبەی سالآنی (١٥٩٣ – ١٥٩٦ز) دەگەڕێتەوە، بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە مزگەوتی هیران کە حوجرەکەی لە خۆی گرتووە، ڕووە و ڕۆژهەلآتە و دارچنارێکی تێدایە، لە سەردەمی (خانزادەخان)ی سۆرانیشدا، ئەو مزگەوتانەی بنیاتنراون، ڕوویان لە ڕۆژهەلآتە و دارچنارێکیان تێدا بووە (هیرانی، ٢٠٢٣).

بەبۆچوونی (هانا کاکی هیرانی) -کە نەوەی کاکەکانی هیرانە- مێژووی حوجرەی هیران بەدیاریکراوی بۆ سەردەمی (شێخ سولەیمانی میری سۆر ١٧٢٠- ١٨٩٠ز) دەگەڕێتەوە کە باپیرە گەورەی بنەماڵەی (کاکی هیران)ە، لە دوای ئەویش هەشت پشتی بنەماڵەکە یەک لە دوای یەک خزمەتیان بە حوجرەکە کردووە، لە ئێستاشدا (کاک مەلا سانی کاکی هیران) پۆستنشینی بنەماڵەکەیە. کاکەکانی هیران، جگە لە

خزمەتکردنی زانست و ئەدەب و ئایین بە تایبەتی ڕێبازی سۆفیگەریی، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە خزمەتێکی زۆریان کردووە و قسەکانیان لە مەجلیسی پیاوماقوڵاندا جێگەی ڕێز و گوێڕایەڵی بووە.

هەروەها ئەو دەستنووسانەیشی کە دەستاودەست پارێزراون، دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە حوجرەکە مێژوویەکی کۆنی هەیە. بەپێی قسەی توێژەر (د.عماد عبد السلام رؤوف) حوجرەی هیران لە ناوچەی خۆشناو یەکێکە لە گرنگترین ناوەندەکانی ڕێبازی قادری، حوجرەکە لە ساڵی (١١٣٠ک ١٧١٧ز) دا بوونی هەبووە. دکتۆر عیماد دەڵێت: لە ئەوێ دەستنووسێکمان لە بواری تەسەوفدا بە ناونیشانی (العرفان لأهل الإيمان) بینیوە کە هی (محمد بن يحيى الدمشقي)یە و خاوەنی کۆپی دەستنووسەکە (عەلی کوڕی مەلا ئەحمەدی هیرانی)یە و مێژووەکەی بۆ ساڵی (١١٣٠ک/ ١٧٧٠ز) دەگەڕێتەوە. یەکێکی دیکە لە شوێنەوارە زانستییەکانی حوجرەی هیران، دەستنووسێکە لە زانستی ژیربێژی/ لۆژیک (علم المنطق) کە ناوی یەکێک لە مودەڕیسەکانی بەسەرەوەیە. هەر لە ئەوێ چەند کۆپییەکی (ئەحمەدی کوڕی حەسەن) بۆ کتێبی (العقائد النسفية) و (الرسالة الشمسية) هەیە، کە کتێبی یەکەمیان لە بواری بیروباوەڕی ئیسلامییەوەیە و ئەوەی دووەمیان لە بواری لۆژیکە، مێژووی کتێبەکانیش بۆ ساڵی ( ١٢٩٣ک) دەگەڕێتەوە (٢٠٠٨، ل ٢٧-٢٨).

ئەوەی مایەی نیگەرانییە، لەمێژوودا زانیارییەکی ئەوتۆی ورد سەبارەت بە حوجرەی هیران نییە، ئەمەش چەند هۆکارێکی جیاوازی هەیە، یەکێک لە هۆکارەکان سوتاندنی (کتێبخانەی تەکیەی هیران)ـە لەسەر کوردایەتی لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، تاوانباری ڕووداوەکەش، ڕژێمی ئەوسای عێراقە (هیرانی، ٢٠٢٣).

سەبارەت بەم ڕووداوە، دوایین کاکی لەژیانداماوی هیران (کاک مەلا سانی کاکی هیران) دەڵێت: " کاتێک شۆڕشی ئەیلول بەرپا بوو، گەیشتە ناوچەی ئێمە، حکومەتی عێراق بە فڕۆکە هێرشی کردە سەرمان، منیش بە پەلە بانگم لە هەموو فەقێ و مەلاکان کرد کە گشت کتێب و نووسراوەکان بۆ ژوورەکەی من بهێنن کە کتێبخانەی تەکیەی تێدا بوو، تاوەکو بتوانین لەو ڕێیەوە کتێب و نووسراو و دەستنووسەکان بپارێزین و لە یەک شوێن کۆیان بکەینەوە، لەبەر نالەباری بارودۆخەکە بواری ئەوەمان نەبوو بیانبەین بۆ شوێنێکی پارێزراوتر، بەڵام کە فڕۆکەکەکان گەشتن، مخابن یەکەم بۆمب کە هاویشتیان لە هۆدەکەی منی دا، کە لەهەمان کاتدا کتێبخانەیەکی گەورەی بە دار دروستکراوی تێدا بوو، پڕ بوو لە دەستنووس و کتێبی زۆر  بە نرخ و کۆن لە هەموو زانستە عەقڵی و نەقڵییەکان و ئایین و زمان و مێژوو عیرفان و شیعر و زانیاری دەربارەی زۆر شت. لە ئەوێ چەندین شیعری باپیرانمان وەک: (ثانی) و (صافی) و زۆر باس و پەند و نووسراو بە هەر چوار زمانی کوردی، عەرەبی، فارسی و تورکی هەبوون، بە هۆی بەهێزی بۆمبەکەو تینی زۆری ئاگرەکەی نەمانتوانی چ شتێکی وەها ڕزگار بکەین. دواتر ئەوەی سووتا، وەک پوشی لێهات، ئێمەش کۆمان کردنەوە، نزیکەی حەوت فەردەی گەورە بوون، بردمانن لە پشت گۆڕستانی هیران کردمانن بەژێر خاکەوە، مەلاو فەقێکانیش ئەگریان و هەنێکیشیان خۆیان بۆ نەدەگیرا، لە حەسرەتی ئەوەدا بە دەم گریانەوە بەدەوری نووسراوە سوتاوەکاندا هەڵدەپەڕین" (هیرانی، ٢٠٢٣).

وادیارە سیاسەتی حکومەتی عێراق دژ بە حوجرەکان هەر لە بەر کوردایەتی و بوونی بیری نەتەوەیی لەناو حوجرەکان و ململانێی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای ڕژێم لە گوندو شاخەکانی کوردستان

نەبووە کە زۆربەی حوجرەکانی لێبووە، بەڵکو لەبەر ئەوەش بووە ئەم حوجرانە بیری ئایینیان بڵاو کردووەتەوە، ئەمەش لەبەرژەوەندی دەسەڵاتی عەلمانی و شیوعی حکومەتدا نەبووە، ئەوەتا لەسەردەمی حوکمی (عەبدولکەریم قاسم)دا دەسەڵات پلانی لاوازکردنی حوجرەکان و دامەزراندنی مەلاکانی لە قوتابخانەکانی میریدا پەیڕەو کردووە، هەروەها مەیلی کوڕە مەلاکانیشی بەرە و شیوعییەت ڕاکێشاوە (البرادوستي،٢٠١٨، ل ١٠٦).

دەبێت ئەوەش لە بیر نەکەین کە چەند پۆستنشینێک کە بە (کاک) بەناوبانگن، ڕۆڵیان لە بنیاتنان و گەشەکردنی حوجرەی هیراندا هەبووە کە ئەمانەن:

١-شێخ سولەیمان هیرانی (میری سۆر- میری سۆران ١٧٢٠-١٧٩٠ز)
٢-کاک عەبدوڵڵای کاکی هیران (١٧٥٠- ١٨٢٠ز)
٣-کاک موستەفای کاکی هیران (١٧٧٥ – ١٨٥٠ز)
٤-کاک عەلی کاکی هیران (١٨١٠- ١٨٨٠ز)
٥-کاک عەبدوڵڵای سانی (١٨٤٠-١٩٠٦)
٦-کاک موستەفا (صافی هیرانی ١٨٧٣-١٩٤٢ز)
٧-کاک عەلی کاکی هیرانی (١٩٠٠-١٩٧٧)
٨-کاک مەلا سانی کاکی هیران (١٩٣٦ز).

ئەم پۆستنشینانە، یەک لەدوای یەک سەرپەرشتی کاروباری حوجرە و مزگەوت و تەریقەتیشیان کردووە، خۆیشیان تەواوی زانستەکانی حوجرەیان خوێندووە. صافی هیرانیش وەک کاکێکی پۆستنشین، هەرچەندە گشت زانستە باوەکانی مەنهەجی حوجرەی لە سەردەمی خۆی خوێندووە، بەڵام نەیویستووە مۆڵەت یان ئیجازەی مەلایەتی

پێبدرێت، ئەمەش نەریتێکی باو بووە لە ناو پۆستنشینانی بنەماڵەی کاکی هیران. لە گێڕانەوەیەکیدا مەلا سانی کاکی هیران دەڵێت: کاتێک مەلای گەورەی کۆیە جەنابی (موحەممەدی جەلیزادە)، ئیجازەی مەلایەتی بە (کاک مەلا عەزیزی کوڕی دووەمی صافی) بەخشی بوو، بە صافی فەرموو بوو: ئیجازەیەکیش بە (کاک عەلی) کوڕە گەورەت دەدەم، کاک صافیش لە وەڵامدا فەرمووبوی: ئیوی پێویست ناکات، بۆ ئەو کافیە ئیجازەی غەوسی هەبێت (حەسەن، ١٩٩٣، ل١٠). کەواتە کاکەکانی هیران، لەبەر ئەوەی ئیجازەی ڕابەرایەتی بەشێکی تەریقەتی قادرییان لە (شێخ عەبدولقادیری گەیلانی)یەوە وەرگرتووە، ئیتر ئیجازەی دیکەیان ناوێت، چونکە ئیجازەی غەوسی گەیلانی بۆ ئەوان هەموو شتێکە، بەڵام لەبەر ئەوەی خوێندەواربن و زانایانە ڕابەرایەتی تەریقەتی قادری بکەن، مەنهەجی حوجرەیان تا قۆناغی کۆتایی و دوا کتێبی ئەو مەنهەجە (جمع الجوامع) خوێندووە و بەمەش پاشخانی زانستیی خۆیان پتەو کردووە. هەروەها گشت کاکەکانی هیران، پێش لە دنیا دەرچوونیان، گۆڕی خۆیان بە دەستی خۆیان لە نزیک حوجرەکە هەڵکەندووە، ئێمەیش لە کاتی سەردانی مەیدانی هیران ئەو گۆڕەمان بینی بەدەستی (کاک سانی هیرانی) کە هێشتا لەژیاندا ماوە هەڵکەندرا بوو.

کاکەکانی هیران - بەتایبەتی صافی هیرانی - هەمیشە لە خەمی ئەوەدا بوون مامۆستای باش بۆ حوجرەکەیان پەیدا بکەن، بۆیە لە شوێنی جیاوازەوە مامۆستای باشیان بۆ هێناوە، هاوکات خۆیشیان وانەیان گوتووەتەوە و هەندێک مامۆستای خەڵکی هیرانیشیان لەوێ وەک مودەڕیس داناوە. ئەمەش ناوی بەشێک لە مامۆستایانی ئایینی و فەقێیانی حوجرەی هیرانە (مەلا سەعیدی هیرانی، مەلا عەزیزی کوڕی

صافی، جگەرخوێنی شاعیر و نووسەر، مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی و...تد).
کاکەکانی هیران لە چەند شوێنێکی دیکە مزگەوت و تەکیە و حوجرەیان هەبووە وەک: (تەکیەی صافی هیرانی) لە (مزگەوتی گەورەی شەقڵاوە) کە بە یەکێک لە مزگەوتە هەرە دێرینەکانی کوردستان ئەژمار دەکرێت و مێژووی دروستبوونی بۆ ساڵی (١٨)ی کۆچی بەرانبەر (٥٩٨)ی زایینی دەگەڕێتەوە، کە لەسەرەتای هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە لە سەر فەرمانی (عەبدوڵڵای کوڕی عومەر) بنیاتنراوە، ئەمەش لە پارچە شیعرێکی فارسی لە سەر دیواری مزگەوت ئاماژەی پێدراوە.
میرانی سۆرانیش بە تایبەتی (خانزاد خان) لە ساڵی (١٥٩٣ز) گرنگییەکی زۆریان بە نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکە داوە، لە ساڵی (١٨٨٦ز)یش میر (مەحموود بەگ) و خێزانەکەی بە شێوەیەکی جوانتر مزگەوتەکەیان نۆژەن کردووەتەوە و موڵکێکی زۆریان وەقف کردووە. ئەم مزگەوتە جگە لە ئەوەی شوێنەوارێکی دێرینە و پەرستگایەکی ئاینییە، ناوەندێکی زانست و زانیاری بووە لە سنوورەکەدا، بەردەوام فەقێی لێبووە و زانای ئایینی گەورەی پێگەیاندووە (هیرانی، ٢٠٢٣).

## صافی و ڕۆڵی لە گەشەکردنی حوجرەی هیراندا

حوجرەی هیران لە سەردەمی کاک موستەفا (صافی هیرانی)دا، لە ئەوپەڕی بەهێزی و بە بڕشتیدا بووە، هۆکاری ئەمەش بۆ پەیوەندیی

فراوانی صافی بە مەلا و میر و دەسەلآتدارانی ناوچەکانی کوردستان و هەوڵی نەپساوەی دەگەڕێتەوە کە بە ئەوپەڕی دڵسۆزییەوە هەوڵی بۆ پێگەیاندنی مەلا و زانای کورد و بەردەوامبوونی خوێندن لە هیران داوە، ئەو ئەوەندە دڵسۆزی زانست و زانایان بووە لە هەندێک نامە و نووسراویدا خۆی بە (خادم الفقهاء) ناودێر کردووە. هەروەها صافی دۆستایەتی زانا و مێژووزان و ناودارانی کردووە و لێیان بەهرەمەند بووە (هیرانی، ٢٠١٥، ل ٣٣ – ٣٤، ٤١- ٤٢). پەرۆشیی صافی بۆ حوجرەی هیران وایکردووە، لە هەندێک شوێن ناوی حوجرەکە بە (حوجرەی صافی) ببرێت هەروەک لە کتێبی (علماء ومدارس فی أربیل) دا هاتووە و دەڵێت: لە شەقڵاوە و دەوروبەری، چەندین شوێنی خوێندنی مەلایەتی هەبووە، یەکێک لە ئەوانە حوجرەی کاک مستەفایە لە گوندی هیران (إسماعیل، ١٩٨٤، ل ٢٤).

ژمارەی فەقێکانی حوجرەی هیران، هەندێک جار زیاتر لە (٤٠) فەقێ بووە، بەڵام بە هۆی ڕووداوە سیاسییەکانەوە جاری وا هەبووە خوێندن تیایدا ڕاوەستاوە، بە تایبەتی لە سەدەی ڕابردوودا کە ڕژێمی بەعس چەند جارێک هێرشی کردە سەر هیران و تەواوی گوندەکەی سوتاند. ئەویش لەبەر ئەوەی حوجرەکە سەرباری ئەوەی ناوەندێکی زانستیی و ئایینی و ئەدەبی و هونەریی بووە و لە ئەوێ دەنگبێژەکان شیعرەکانی صافییان بە چەند ئاواز و مەقامی جیاواز چڕیوە، مەڵبەندێکی کوردایەتیش بووە، ئاخر هەر لەبەر ئەوە بووە ڕژێمی عێراق حوجرەکەی بۆمباران کردووە و چەندین دەستنووس و نووسراوی گرنگ بەو هۆیەوە سووتاون.

مەلایەک بەناوی (مەلا سەلامی حەیدەری) لە چاوپێکەوتنێکیدا لە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/٦/١٠) دەڵێت: کە چوومە مەدرەسەی هیران لای

صافی هیرانی هەستی کوردایەتیم جوڵا. لەوێ لە ڕێوڕەسمی پێدانی ئیجازەی مەلایەتی بە مەلایەک، ئەم هۆنراوەیان دەگوت:

**کورد میللەتێکی قەدیمە ساحێبی تەلجی سەلیمە**

**شاهێدی ئەم ئیدیعایە سەلاحەدینی پاشایە**

**کورد میللەتێکی ناسراوە لە عالەم بەجێماوە** (هیرانی، ٢٠٢٣، ل١٣)

یەکێک لە ئەو مامۆستا ئاینییانەی لە حەفتاکاندا فەقێی حوجرەی هیران بووە، پێیگوتین: کاتی خۆی لە حوجرەی هیران ڕۆحی کوردایەتی لە ناو فەقێ و مودەڕڕیسەکاندا زۆر بەهێز بوو، بەشێوەیەک لەگەڵ ئێستادا بەراورد ناکرێت. هەرچەندە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا، ناوچەی خۆشناو -بەتایبەتی هیران- شوێنی ململانێی سیاسی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق بوو، بەڵام هیچکات کاک و فەقێ و مامۆستاکانی هیران نەچوونەتە ژێر باری فشارو هێرشی سوپا و فڕۆکە و تەکلیفی ڕژێمەکانی عێراقەوە و ئامادە نەبوون وەک کەسایەتیی ئایینی و لەڕوانگەی ئایینەوە هیچ وشەیەکی نەشیاو بەرانبەر بە پێشمەرگە و شۆڕشگێڕە کوردەکان بەکار بهێنن، هەمیشەش قسەی خێریان بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق لەناوچەکە کردووە. ئەو گەواهی ئەوەیشی دا ماڵی (شێخ ئەحمەدی سورچی) زۆر ڕێزیان لە حوجرە و تەکیەی هیران گرتووە (موزەفەر، ٢٠٢٤) هەر لەبەر ئەو ڕۆحە کوردانە بووە، هەمیشە دوژمنانی کورد حوجرەکانیان بە ئامانج گرتووە و هێرشیان کردووەتە سەریان، دواجاریش ئیسلامی سیاسییان بە مەنهەجێکی خوێندنی ئایینی سادەلەوحەوە - کە بەسروشتی کوردستان نامۆیە - لە پێناو پاشەکشەکردن بە خوێندنی حوجرەی ئیسلامی نەریتی و لێدان لە بیری کوردایەتی هەناردەی کوردستان کرد. یەکێک لە نهێنییەکانی

بوونی ڕۆحی کوردانەی حوجرەکانی ئیسلامی نەریتیش ئەوەیە سەرچاوەی مادی و مەعنەوی ناوخۆیی بووە و لە کوردستانەوە لە لایەن کەسایەتی و بنەماڵە ئاینییەکان و گوندەکانەوە دابین کراوە و وەک مەنهەجی حوجرەکانی ئیسلامی سیاسی، سەرچاوەی دەرەکی نەبووە و بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای سیاسی ولاتان بنیات نەنراوە. هەر لە ڕووی نەتەوەییەوە، حوجرەی ئیسلامی نەریتی خزمەتی زۆری کردووە و کەسایەتی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و سیاسی گەورەی بۆ کورد پێگەیاندووە.

لە ئەو زانیارییانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت حوجرە چەند ئەرکێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و هونەری هەبووە. لە حوجرەدا فەقێکان لە پاڵ خوێندندا، زۆرجار خۆیان بە خوێندنەوەی ئەدەبیاتەوە سەرقاڵ کردووە و شیعریان داناوە و شەڕە شیعریان کردووە. هەندێک جاریش یاری کوردەوارییان کردووە، لەوانە : (فڕی فڕی قەل فڕی، گەنم گەنم، کلاو فڕکێنە..تد)"(زەلمی، ٢٠١٤، ل ٥٣)، بەڵام ئێستا هەموو ئەو یاریانە ناکرێن، بۆ ئەوەی ئەو یارییانە نەفەوتێن، پێویستە وەک کەلەپورێکی میللی و بەشێک لە فۆلکلۆری کوردی لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت.

### صافی ودامەزراندنی مزگەوت و تەکیە لە ڕواندوز

صافی هیرانی لە (ڕواندوز)یش (مزگەوت و تەکیەی گەیلانی) هەبووە و لە ساڵی (١٩٢٦ز) دایمەزراندووە، چونکە لە ئەوێ هەر لە سەردەمی باپیرە شێخ سولەیمانی میری سۆران (١٧٢٠-١٧٩٠ز) و تا سەردەمی کاک عەبدوڵلای سانی (١٨٤٠-١٩٠٧) دۆست و ناسیاو و مورید و مەنسوب و مەحسوبی ڕێبازی سۆفیگەریی قادری (کاکی هیرانی)

هـەبوون، دواتـر بـاوکی صـافی کـە کـاک عەبـدوڵڵای سـانی (١٨٤٠ – ١٩٠٧ز)یـە گرنگـی زیـاتری بـە پەیوەندییـەکانیان لەگـەڵ ڕواندوزییـەکان داوە. لـە گێڕانەوەیەکیـدا (سـولەیمان بـەگی کـوڕی موسـتەفا فەنـدی ڕواندوزیی) دەڵێت: ساڵانە (کاکی صافی) تەشریفی دەهات بۆ ڕواندوز و خەڵک چاوەڕێی هاتنیان دەکرد، کاتێک دەیانزانی نزیک بووەتـەوە بە دەفلێدانەوە بـەرەو پێشـوازییان دەچوون، ئیتر کاکی هیران لـە تەکیـەی خـۆی دادەنیشـت و ئێـواران خۆشەویسـتانی دوای نـوێژی مـەغریب خوانچەی خواردنیان دەهێنایە تەکیە و لە ئەوێ لە خزمەت صـافیدا نـان دەخـورا. دواتـر بـە دەنگـی (حـاجی عەبـدوڵڵای دەفـژەن) و (دەروێـش موستەفا) و (دێوانە حـەلیم) و (ئیسماعیلی کوڕی) و (خەلیفە حاجی) و (مـەلا عەبـدوڵڵای ڕوانـدوزی) و (خەلیفـە حـافیزی) بـاپیری (دێوانـە حەمـەدەمینی عەنبـەر) غەزەلـەکانی صـافی و سـانی بـە دەفلێـدان دەخوێندرانـەوە و سـۆزی دەنگـە زوڵاڵـەکان و زرینگـەی دەفـەکان و عیشـقی دڵـەکان دەهاتنـە جـۆش و خـرۆش و مەحەببـەتی عاریفانـە مەجلیسەکەی دادەگرت و لە دونیای (ناسووت)ەوە بۆ دونیای (لاهووت) دەچوون و ئەڵقە و کۆڕی زیکری دەروێشان دائەبەستراو تا درەنگانی شـەو بـەردەوام دەبـوون. ئـەم ماوەیـە پیاوماقوڵـەکانی سنوورەکە کـە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ صافی هـەبوو، دەهـاتن بۆ خزمـەتی و کەسـانی وەک (خەلیفـە سـەمەدخانی برادۆسـتی، سـەعید عـەلی سـەید ڕەسوڵی هاودیان، عەقید فائیق کاک ئـەمین، حاجی مستەفای سەفار، حەمەد مەلاک، عەزیز مام سەلیم کاولۆکەیی، حاجی ئەحمەدی شەکری، حەمەد ئەمین سۆری، حاجی سەعیدە ڕەش و...تد). تا ئێستاش مزگەوت و تەکیەی صـافی لـە ڕواندوز هـەرماوە و نـاوی (گەیلانی)یە، لـە سـاڵی (٢٠١٢ز) لـە لایـەن (سـەید مەجید) نـۆژەن کراوەتـەوە و لـە مێژووشـدا

چەندین جار وانەی تێدا گوتراوەتەوە و فەقێی لێبووە، بە تایبەتی کاتێک مامۆستا مەلا (مەمدوح مزوری) لە ئەوێ بووە (هیرانی، ٢٠٢٣).
حوجرەی هیران بە بەراورد بە ئەو حوجرانەی لە مێژوودا لە کوردستاندا پەیدا بوون، چەند خاڵێکی لێکچوون و چەند خاڵێکی جیاکەرەوەی هەیە، خاڵی لێکچوونی ئەوەیە لە سەر هەمان ڕێچکەی مێژوویی حوجرەکانی دیکەی کوردستان بووە. خاڵی جیاکەرەوەی ئەوەیە لە ناو سروشتێکی دڵڕفێندا هەڵکەوتووە و لە لایەن کەسانێکی دڵسۆزەوە سەرپەرشتی کراوە کە هەم مورشیدی تەریقەت بوون هەمیش مەلاچاک و ئەدەبدۆست، بەڵام لە ناو ئەواندا صافی دیارترینە.
هەروەها نزیکی حوجرەکە لە کۆیە و پەیوەندیی کاکەکانی هیران بە ڕۆژهەڵات و پارچەکانی دیکەی کوردستان و بوونی مودەڕڕیسی بە توانا تیایدا، بووە بە هۆی ئەوەی ببێتە یەکێک لە دیارترین ناوەندەکانی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و کوردایەتی و لە هەموولایەکەوە فەقێ ڕووی تێبکەن. هەروەها حوجرەکە چەند جار باجی کوردایەتی داوە و لە لایەن ڕژێمەکانی عێراقەوە بۆمباران کراوە و تێکدراوە، بەڵام ئەمە کاکەکانی هیرانی لە خزمەتکردن نەوەستاندووە، بەڵکو لە شوێنی دیکەی وەکو هەولێر و شەقڵاوە و ڕواندوز بەردەوامبوون لە خزمەتکردن. بەڵام حوجرەی هیران پێویستی بە ژیاندنەوە هەیە.

## تەوەری دووەم پاشخانی زانستیی صافی هیرانی

پاشخانی زانستیی و ئەدەبیی صافی هیرانی لە مێژووی خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا دابڕاو نییە، چونکە ئەو مێژووە ڕۆڵی لە پێکهێنانی پاشخانی زانستیی دەیان زانای ئایینی و شاعیری مەزندا

هەبووە کە صافی هیرانی یەکێکە لە ئەوان. لە مێژووی حوجرەدا مەنهەجێکی خوێندن پەیڕەو کراوە کە هەر لە کۆنەوە لە سەرجەم حوجرەکانی ئیسلامی نەریتی لە کوردستاندا – بە هەندێک گۆڕانکارییەوە - تا ئەم ساتە پەیڕەو دەکرێت، مەنهەجەکەش لە دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی دیکە و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە هەندێک جیاوازە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە لە چوارچێوەی مەنهەجی کۆن نەیبردوونەتە دەرەوە کە پشت بە پرۆگرامێکی دیاریکراو دەبەستێت و بە شێوەیەکی تەڵقینی بە فەقێکان یان قوتابییەکان دەوترێتەوە و مامۆستا و پرۆگرام تیایدا سەنتەرن.

لە کۆندا، لەگەڵ ئەوەی حوجرەکانی کوردستان ڕووگەی فەقێی بیانی بوون، لە نێوان خۆیشیاندا فەقێیان ئاڵوگۆڕ پێ کردووە، ئەمەش هەم جوڵەی خستووەتە ناو حوجرەکانەوە و لە سەر ئاستی پارچەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا پەیوەندی و ئاشنایەتی و ئاڵوگۆڕی کەلتوری دروستکردووە، هەمیش پارچەکانی کوردستانی بە ناوەوە و بە دەرەوە بەستووەتەوە، هۆکارێکیش بووە بۆ ئەوەی پاشخانی زانستیی فەقێکان دەوڵەمەند بێت و هەر فەقێیەک لە چەند مامۆستایەک بەهرەمەند ببێت و فێری زانستی جۆراوجۆر و ئەدەبیات و زمان و شێوەزاری جیاواز ببێت کە دواجار لە دروستکردنی کەسایەتیی زانستیی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی فەقێدا ڕۆڵیان هەبووە. فەقێ هەبووە باوکی مەلا بووە و حوجرەی هەبووە، بەڵام هەندێک کتێبی لە حوجرەکەی باوکی خوێندووە و پاشان بە حوجرەکانی دیکەدا گەڕاوە، ئەم نەریتی خوێندن لە حوجرەی دەڤەرە جیاوازەکانی کوردستاندا لە لایەن هەندێک فەقێوە پەیڕەو دەکرێت.

کاتی خۆیشی صافی هیرانی هەرچەندە خۆیان حوجرەیان هەبووە، بەڵام بۆ دەوڵەمەندکردنی پاشخانی زانستیی خۆی چەند حوجرەیەکی دیکە گەڕاوە، بۆ نموونە: لە باشووری کوردستان چووەتە چەند حوجرەیەکی (کۆیە، هەولێر، ڕواندوز و سەران). لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە چەند حوجرەیەک لە (مەهاباد، پەسوێ و سابڵاخ) خوێندوویەتی. حەوت ساڵیش لای (قازی عەلی) باوکی پێشەوای نەمر (قازی محمد) خوێندوویەتی، ئەمە جگە لە خوێندن لە لای (مەلا ئەحمەد ڕەش، مەلا ئۆمەر گوبەتی). ئەم گەڕانە بە حوجرەکاندا و ئەو مەنهەجە زانستییەی لە شوێنی جیاواز خوێندوویەتی، وایکردووە صافی پەیوەندییەکی فراوان پەیدا بکات و ناوبانگی شیعرەکانی بە هەموو لایەکدا بڵاو ببێتەوە و زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی فێر ببێت و فەرهەنگی ئاوەزی خۆی بەوشەی کوردی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا پڕ و جۆراوجۆر بکات و دواتر لە نووسینی شیعرەکانیدا وەک پاشخانێکی زانستی و ئەدەبی و زمانیی کەڵکیان لێ وەربگرێت.

سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق (د.فوئاد مەعسوم) وەک کوڕی مەلایەکی مودەڕڕیسی بەناوبانگ دەڵێت: " لە ناو مەلاو فەقێیان دەزاندرا کام مەلا لە ئەو عیلمەدا باڵادەستە بۆیە فەقێ شانازی بەوەوە دەکرد ئەو کتێبەی لای فلان مامۆستا خوێندووە کە لە ئەو عیلمەدا زۆر شارەزا بووە، بۆ عیلمێکی تر چوەتە لای مامۆستایەکی تر کە ئەویش لە ئەو بوارەدا ناوی هەبووە. کوردستان بەشێوەیەکی گشتی پڕ بوە لە مەدرەسە و زانایانی گەورە و ناودار، کە لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامییەوە ڕوویان تێکردوون... لە بوخارا و سەمەرقەندەوە هاتوون بۆ خوێندن. واتە فەقێ بە ئازادی هاتوچۆی کردووە و بە ئازادی شوێنی خوێندنی خۆی هەڵبژاردووە و ئازادیش بووە لە ئەوەی چ

دەخوێنێ، بە مەرجێ مامۆستاکەی ڕازی بێ" (عەلیاوەیی، ٢٠٠٣، ل ب،ج).
حوجرەی هیرانیش لەبەر ناوبانگی زانستیی خۆی و مەلا و سەرپەرشتیار و مودەڕڕیسەکانی، بوو بە شوێنێک بۆ پێشوازیکردنی ئەوانەی کە ئەیانویست درێژە بە خوێندنەکەیان بدەن، چەندان مەلا و زانای ڕۆژهەلات و باشووری کوردستانیش گەواهییان بۆ ئەم ڕاستییە داوە. کاک مەلا سانی کاکی هیران دەڵێت: زۆربەی فەقێی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە هیران دەیانخوێند، چونکە هیران شوێنێکی لەبار بوو بۆ خوێندن و مامۆستای لێهاتووی لێبوو، کاکەکانیش گرنگییان پێداوە، بەو ئاخیریانەش فەقێکان لە هیران پارێزراوتر بوون لە شوێنەکانی تر، بەهۆی وجودی ئێمە میری نەیدەتوانی زۆر تەداخولیان بکات. ڕەنگە ئەم پەیوەندییەی نێوان حوجرەی هیران و ڕۆژهەلاتی کوردستان بە هۆی صافی هیرانی بووبێت، ئاخر صافیش ڕۆشتووە بۆ ڕۆژهەلات و لە ئەوێ خوێندوویەتی. بێگومان شاعیر قوناغە سەرەتاییەکانی خوێندنی لە حوجرەکەی خۆیان تەواو کردووەو پاشان بە دەڤەرەکانی دیکەی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەلاتدا گەڕاوە تا سەرجەم قۆناغەکانی فەقێیەتی تەواو کردووە. قۆناغەکانی خوێندن بە گشتی لە حوجرەی هیران بە ئە مشێوەیە بوون:

**قۆناغی یەکەم:** سوختە

**قۆناغی دووەم:** ناسکە موستەعید

**قۆناغی سێیەم:** موستەعیدی تەواو

**قۆناغی چوارەم:** دوامادەکان

**قۆناغی پێنجەم:** مەلای تەواو (دوازدە عیلم)

هەندێک جاریش فەقێ سەرەتا بۆ ماوەیەک بە گوێگر (مستمع) دادەنرا تاوەکو جێگای دەبوویەوە، یاخود تاکو لێی ڕادەهات، ئەوکات دەبوو بە فەقێی تەواو. مەرج بوو هەموو فەقێیەک ئەو قۆناغانە یەک لەدوای یەک تەواو بکات تا لە لایەن کۆتا مامۆستا (مامۆستای گەورە) یان مامۆستای مودەڕڕیسەوە شایەنی بڕوانامە پێدان بێت. جاران حوجرەی هیران لە ناو مزگەوتدا بوو، دیزاینی جارانی مزگەوتی گەورەی هیرانیش لە هۆڵێکی گەورە بۆ وتاردان و بۆنەکان پێکهاتبوو کە بە ئەستووندی گەورە ڕاگیرا بوو، تەواوی دامێنی هۆڵەکەش دارڕێژ کرا بوو، لە ژێرەوەش ئاوی کانی مزگەوت دەڕۆشت، لە پشتەوەشی دوو حوجرەی گەورە هەبوو، یەکێکیان شوێنی فەقێکان بوو، ئەویتریش بۆ نوێژی بە کۆمەڵ و هەمیش لە دوای نوێژەکان بۆ خوێندن و موتالاکردنی فەقێکان کەڵکی لێوەرگیراوە. لە پشتی پشتەوەش بە دووری بیست مەتر - کە ئاوی کانی مزگەوت دەچووە وە بۆ ئەوێندەر- شوێنی سەرئاو و دەستنوێژگرتن بووە، پێیان دەوت دەوار (هیرانی، ٢٠٢٤). هەر کەسێک سەرەتا دەهاتە خوێندن بۆ حوجرەی هیران، لە (قۆناغی سوختەیی)یەوە دەستیپێدەکرد، سەرەتا دەبوایە (سیپارە)یەکی چاکی بخوێندایە بۆ ئەوەی پیتەکان بەباشی بناسێت، پاشان کتێبی (ئەحمەدی) لەبەر بکردایە کە بە (لوغەتنامەی ئەحمەدی) ناسراوە و فەرهەنگێکی (عەرەبی- کوردی)ییە بە شیعر و زانای ئایینی ناوداری کورد (شێخ مارفی نۆدێ)یە و بۆ (کاک ئەحمەدی شێخ)ی کوڕی داناوە. هەروەها دەبوایە سوختە خەتمی قورئانی بکردایە و مەتنی کتێبی (فتح القريب)ی لە فیقهی ئیسلامی و مەتنی (عەواملی جورجانی و بەرکەوی) لە زانستی نەحو (ڕێزمانی عەرەبی) و مەتنی

کتێبی (البناء)ی لە مۆرفۆلۆژی (علم الصرف) لەبەر بکردایە (هیرانی، ٢٠٢٤).

یەکێک لە ئەو مامۆستا ئاینییانەی کە لەساڵی (١٩٧٢ز) لە حوجرەی هیران لای مامۆستا (مەلا عەزیز)ی کوڕی صافی هیرانی فەقێ بووە، دەڵێت: مەنهەجی حوجرەی هیران هەمان مەنهەجە کۆنەکەی حوجرەکانی کوردستان بوو، بەشێک لە ئەو کتێبە مەنهەجییانەی کە لەوێ خوێندراون و لە یادەوەری مامۆستادا ماون ئەمانەن: (عوامل الجرجاني، آداب المتعلمين، جامع المقدمات، عوامل البركوي، السيوطي، العقيدة النسفية، مغني الطلاب، الفوائد الفنارية، عبدالله يزدي، إعانه الطالبين، تحفة المحتاج، جمع الجوامع، تهذيب الكلام و تشريح الأفلاك) و چەند کتێبێکی دیکە کە بەزۆری دەچنە خانەی زانستی مۆرفۆلۆژی (علم الصرف) و سینتاکس(علم النحو) و لۆژیک (علم المنطق) و زانستی کەلام (علم الكلام) و ئوسوڵی دین و حەدیس و تەفسیر و...تد (سکتان، ٢٠٢٤).

هەروەها مامۆستایەکی ئایینی دیکە کە لە ساڵی (١٩٧٤ز) لە حوجرەکە فەقێ بووە ناوی هەندێکی دیکە لە ئەو کتێبە مەنهەجییانەی بەمشێوە بۆمان باس کرد کە خوێندوویانە، وەک: (گلستان، بوستان، عوامل الجرجاني، فتح القريب، الوضع والاستعارة، شرح العقائد النسفية، الأنموذج في النحو، إظهار الأسرار في النحو، الصمدية، تصريف الزنجاني، ملا جامي، گلنبوی برهان، حاشية عبدالله يزدي على تهذيب المنطق، مختصر المعاني، مطول، جمع الجوامع، تهذيب الكلام، مغني الطلاب) ئەمە جگە لە زانستی کێشناسی (علم العروض) و چەند کتێبێکی دیکە، کە هەر لە چوارچێوەی کتێبە مەنهەجییە باوەکانن (موزەفەر،٢٠١٤) و ئەو دەستنووسانەش لەحوجرەی هیرانن، دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە مەنهەجی حوجرەکە لە سەر هەمان ڕێچکەی مەنهەجی کۆنی

حوجرەکانی ئیسلامی نەریتی بووە، بنەوانگەی مەنهەجەکەش بریتییە لە عەقیدەی ئەشعەری و فیقهی شافیعی و ڕێبازی سۆفیگەری و فەلسەفە و لۆژیک و زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی، بۆیە دەتوانین بڵێین: حوجرەی هیران شانبەشانی حوجرەکانی دیکەی کوردستان خزمەتی زۆری بە زانست و ئەدەب و ئایین و کوردایەتیش کردووە. بە گشتی ئەو کتێبانەی لە حوجرەی هیران خوێندراون، ئەمانەی خوارەوەن کە لەم خشتەیەدا بەپێی زانستەکان پۆلێنیان دەکەین:

| بواری زانستی | ناوی کتێب |
|---|---|
| علم الصرف | ١- تصريف الزنجاني، کە (ئیبراهیم زەنجانی) نووسیویەتی و کتێبێکی بەنرخە و لە لایەن (پیرخدری شاهۆیی)یەوە بەناوی (شرح تصريف الزنجاني) شەرح کراوە. هەروەها شەرحێکی دیکەی بە هەمان ناو هەیە کە هی (سعد الدين التفتازاني)یە.<br>٢- تصريف الملا علي، کە لەلایەن مامۆستا (مەلا عەلی شنۆ)دانراوە. دوو حاشیە (پەراوێز)ی بە سەرەوەیە: یەکەم، حاشیەی (قزڵجی)یە کە دانراوی مامۆستا مەلا (عەلی قزڵجی)یە. دووەم، حاشیەی قەرەداغییە، کە دانراوی |

| | |
|---|---|
| | مامۆسـتا شـێخ (عومـەری قەرەداغی)یـە. ئـەم دوو حاشـیەیە زۆر قورسن و هەرکەسێک بیەوێت بەتەواوی تێیان بگات پێویستی بە هـەر دوازدە عیلمەکـەی مەلایـەتی هەیە.<br>٣-الشـافیة، خاوەنەکـەی (ابـن حاجـب)ی کوردییـە، کتێبێکـی زۆر قورسـە و کـەم فـەقێ لەبـەریان کردووە.<br>٤-شـرح النظـام، دانـراوی شـێخ (حەسـەنی کـوڕی محمـد نەیشابوری)یە و شەرحی شافیەیە.<br>٥-شـرح الشـافية، دانـراوی (سـيد عەبدوڵڵای نقرة کار)ە و شـەرحی شـافیەی (ابـن حاجیب)ـە و بـە (سـەیید عەبـدوڵڵای صـەرفی) مەشهوورە.<br>٦-صرف میر، دانراوی (میر سەیید شەریفی جورجانی و فارسی)یە.<br>٧-کمـال الـدين، دانـراوی شـێخ (محمـد کمـال الـدين الفسوي)ـەو ئەمیش شەرحە لەسەر شافییە. |
| علم النحو | ١- عـەوامیلی جورجـانی و |

| | |
|---|---|
| | بەرکەوی<br>٢- مقدمة البركوي<br>٣- التحفة السنية<br>٤- مقدمة الآجرومية<br>٥- الأنموذج<br>٦- الإظهار<br>٧- مەلا جامی<br>٨- شرح السيوطي |
| علم الفقه والشريعة الإسلامية | ١- فتح القريب<br>٢- منهاج الطالبين<br>٣- فتح المعين يان إعانه الطالبين<br>٤- المغني<br>٥- التحفة |
| العقيدة الإسلامية | ١- عەقيدەی نەسەفی<br>٢- جوهر التوحيد<br>٣- شـــەرحی توحفەتولموريـــدی باجوری (شرح العقائد)<br>٤- شرح المواقف<br>٥- شرح المقاصد<br>٦- تهذيب الكلام |
| علم المنطق | ١- إيساغوجي<br>٢- مغني الطلاب<br>٣- شرح رسالة الشمسية<br>٤- گلنبوي اداب |

| | |
|---|---|
| | ٥- الفنارية<br>٦- تهذيب المنطق |
| علم البلاغة | ١- المختصر<br>٢- المطول<br>٣- الاستعارة للملا أبي بكر مير روستمي |
| علم أصول الدين | ١- جمع الجوامع<br>٢- شرح الورقات |
| الشعر | ١- گولستانی سەعدی شیرازی<br>٢- دیوانی حافیزی شیرازی...تد. |

ئەمانە بەشێک بوون لە ئەو مەنهەجەی کە لە حوحرەی هیراندا خوێندراوە، بێگومان کتێبی دیکەو زانستی دیکەش خوێندراون (هیرانی، ٢٠٢٣)، چونکە کتێبە مەنهەجییەکانی حوجرە بەپێی مێژوو، هەندێک گۆڕانکارییان بە سەردا هاتووە، چەند کتێبێک لابراون و چەند کتێبێکی دیکە خراونەتە شوێنیان، بەڵام بە گشتی مەنهەجی حوجرەکانی کوردستان لە یەک نزیک بوون، بۆ نموونە لێکچوون لە نێوان ئەو مەنهەجەی سەرەوەی حوجرەی هیران و مەنهەجی (حوجرەی خانەقای بیارە) و (حوجرەی بەحرکە) و حوجرەکانی دیکەدا هەیە. بەپێی مەنهەجەکە، دوازدە عیلم خوێندراوە، هەروەها فەقێ ئازاد بووە لەوەی ڕیزبەندی کتێبە مەنهەجییەکان تێکبدات، مەرج نییە فەقێ هەر دوازدە عیلمە بەناوبانگەکەی بە تەواوی خوێندبێت کە بریتین لە : (علم النحو، علم الصرف، علم البلاغة، علم الفقه، أصول الفقه، علم المنطق، الآداب، علم الكلام، الفلسفة، الهيئة والفلك، فقه اللغة، الرياضيات والهندسة).

ئەمانــە دوازە عیلمــە ســەرەکییەکەی حــوجرە بــوون، بــەڵام لەگــەڵ ئەوانەشدا، لە هەندێک حوجرە (زانستی پزیشکی، زانستی کیمیا، ڕاڤەی قورئـان، فەرموودەناسـی)ش خوێنـدراون. لـە بـواری ئەدەبدا کێشناسـی شـیعر (علـم العـروض) و ئـەدەبیاتی کـوردی و عـەرەبی و فارسـیش خوێندراوە (البرواري، ٢٠١٣، ل ٥٦٨).

دەبێت ئەوەش بزانین ڕیزبەندیی و ژمارەی دوازدە عیلمەکەش جێگیر نین و زیاد و کەمیان هەیە، بەڵام لە ناو کوردەواریدا هەر بەدوازدە عیلمەکـە بـەناوبانگ بـوون، ئەگـەرنا لـە چـەرخی (١٢-١٤)ی کۆچیـدا نزیکەی (٢٤) تا (٦٠) عیلم بوون. هەندێک لە علیمەکان عەرەبی بوون، هەندێکی دیکەیان - لە سەردەمی عەبباسییەکاندا- لە نامسوڵمانەکانەوە وەرگیـراون و وەرگێـڕدراون. دوازدە زانسـتە عەرەبییەکـەش ئەمانـەن: (علـم الآداب والمناظرة، علـم المعـاني والبلاغـة، علـم الصـرف والاشـتقاق، علم النحو والإعراب، علـم الوضـع، علـم البديع، علـم البيـان والاسـتعارات والمجـاز، علـم أصـول الفقـه، علـم الفقـه والميـراث والشـريعة، علـم الكلام والعقائـد، علــم التفســير، علــم الحــديث). ئــەو عیلمانەیشــی لــە نــا مسوڵمانەکانەوە وەرگیراون ئەمانـەن: (علـم المنطـق والميـزان والفلسـفة، علـم الحكمـة والطبيعيـات، علـم العناصـر، علـم الإلهيـات، علـم الهندسـة والمقيـاس، علـم الحسـاب والجبـر، علـم الرياضـيات والأفـلاك، علـم الخـط والإنشـاء، علـم معرفـة الميقـات والأوقـات وفصـول السـنة والقنـوات، علـم الكف والرمل والأكاسير، علم القيافة والخراسة والتشريح، علم الطب). بە گشـتی مەنهـەجی خوێنـدنی حوجرەکـان هاوشـێوەی یەکـدی بـووە، لـە سەرەتاوە تا کۆتایی (٢٥) ساڵی خایاندووە و بەخۆڕاییش بووە، بەڵام مەرج نەبووە فەقێ لە ماوەی ئەو ساڵانەدا هەموو ئەو عیلم و کتێبانەی ناومـان بـردن بخوێنێت (بەرزنجی، ٢٠٠٧، ل ١٠- ١٥، ٤١). هـەر فەقێیـەکیش

بە ڕادەی زیرەکی و ئەو مەنهەجەی خوێندوویەتی، پێ بە پێ بە پەیژەی زانستدا سەرکەوتووە و بە ئەندازەی زانینەکەی ناوی لێنراوە، هەر لە ئەمەشەوە جۆرەکانی مەلا پەیدا بوون کە بریتین لە : (مەلای هەرەچاک، مەلای چاک، مەلای تێگەیشتوو زیرەک، کۆلکە مەلا و گۆلکە مەلا). ئەرکی هەریەک لە ئەم مەلایانەش لە حوجرەکان و کۆمەڵگەدا دیاریکراو بوو، بۆ نموونە: مەلا هەرەچاکەکان دەیانتوانی مۆڵەتی مەلایەتی بە ئەو فەقێیانە بدەن کە دوا مادەکانیان دەخوێند. ئەم مەلایانە لە لای پیاوی گەورە و خانەدان ڕێزی تایبەتییان هەبوو، لە دویان دەگەڕان تا بیانکەن بە مەلاو خزمەتیان بکەن. ئەمانە مەلای دوازدە عیلم بوون، پێیشان گوتراوە مەلای (ابن الحجر) و حوجرەکانیشیان لە (٣٠) فەقێ کەمتری لێنەبووە (عەلیاوەیی، ٢٠٠٣، ل ٩٣).

## ڕەوشی خوێندن لە حوجرەی هیران

هەرچەندە مەنهەجی خوێندن لە حوجرەی هیران -کە سەرەتای پاشخانی زانستیی صافی لە ئەوێندەرەوە دەستپێدەکات- تا ڕاددەیەکی زۆر لە ئەو مەنهەجانەی باسمانکرد، نزیک بووە، بەڵام ڕەوشی خوێندن، لەبەر هەڵکەوتەی جوگرافیی حوجرەکە و سەرنجڕاکێشیی سروشتەکەی تاڕادەیەک جیاواز بووە، من وەک توێژەر لە کاتی سەردانێکی مەیدانیم بۆ حوجرەکە ئەم ڕاستیەم زیاتر بۆ ڕوون بوویەوە و بۆم دەرکەوت حوجرەی هیران لە حوجرەی بیارە دەچێت؛ چونکە دانیشتنی حوجرەکە لە باوەشی سروشتێکی جواندا، ڕۆژانی خوێندنی خۆمی لە حوجرەی خانەقای بیارە بیر هێنامەوە. لەبیرمان نەچێت حوجرەی بیارە و حوجرەی هیران لەوەشدا لەیەک دەچن کە لەلایەن ژمارەیەک لە ڕابەرانی تەریقەتەکانی تەسەوفەوە بە باشی و بە

پەرۆشـەوە سەرپەرشـتی کـراون، ئەمـەش پیرۆزییـەکی بـە حوجرەکـە بەخشیوە، هەر ئەم پیرۆزییە و جوانی سروشتی هیران و هـەورامان و بەرزی ئاستی زانستیی مودەڕڕیسـەکانی هـەردوو حوجرەکـە سـەرنجی فەقێی ڕاکێشاوە و تاک تـاک و پۆل پۆل ڕوویـان تێکردووە. یەکێک لـە مامۆستا بەناوبانگەکانی (مـەلا ئیسـماعیلی مـاویلی) بووە لـە ناوەڕاسـتی نیوەی یەکـەمی سـەدەی چـواردە، کـە لـە دوای خـۆی کوڕەکـەی (مـەلا محمـد) بـووە بـە مودەڕڕیسـی حـوجرەی هیـران، مـەلا ئیسـماعیلیش لای (پیری ماویلیان) خوێندوویەتی و تەمەسسـوکی کـردووە (رؤوف، ٢٠٠٨، ل ٢٧).

سەبارەت بە ڕەوشی خوێندن لە حوجرەی هیران، مامۆستا مەلا سانی کاکی هیران دەڵێت: ئەو کاتەی فەقێ کۆشش (سعي) لەوانەکانیدا دەکرد، پێی دەگوترا (دەوری) کە بەمشێوەیە بوو: بەیانیان پێش نوێژی بـەیانی، دەبوایە فـەقێ دەست بە دەوری خۆی بکات تـا نـان ئامادە دەبوو، کـە نانەکـەی دەخـوارد مامۆسـتا مـەلا (عـەزیز) دەهـات و دەسـتنوێژێکی لـە کانی مزگەوت دەگرت و چـوار ڕکـات نـوێژی چێشـتەنگاوی دەکـرد، جـا دادەنیشـت و فـەقێکان پـۆل پـۆل دەهاتنـە لای، ئەوانـەی کـە لـە پلـەی موستەعید بوون، وانەیان بە ئەوانە دەگوت کە لە پلەی (مامناوەند) و لە پلـەی (سـوختە) بـوون تـا ئـەو کاتـەی نـۆرەی دەرسـی خـۆیـان لای مامۆستای گەورە دەهات. ئەم ڕەوشە تا نزیکی بانگی نیوەڕۆ بەردەوام دەبوو، پاشان فەقێکان نوێژیان دەکرد و نانیان دەخوارد.

دوای ئەوەش دیسان سەرقاڵی دەرسخوێندن دەبوون، پاش عەسـرانیش تـا نزیکـی بـانگی مـەغریب دەسـتیان بـە دەرسـەکانیان دەکـردەوە، زۆر جـاران مـام مـەلا عـەزیز و مامۆسـتا و فـەقێیان، لـە وەرزی بـەهارو سـەرەتای هـاوین دەرس و دەوری پاش عەسـرانیان دەبـردە لای کـانی

ئەشــکەوتێی بەرانبــەر مەرقــەدان کــە شــوێنێکی بــەرزە لــە بەرانبــەر مەزارگـەکانی کـاکی هیـران و کانیـاوێکی لێیـە کـە بـە (کـانی ئەشـکەوت) یاخود (کانی شێخ سولەیمان) ناسراوە و بە شوێنێکی پیرۆزیش چاوی لێدەکرێ، چونکـە شـێخ سـولەیمانی باوەگـەورەی ئـەم بنەماڵـەی کـاکی هیران بنیاتی ناوە و شوێنێکی بە سکونەت و نەشئەیە بە تایبەت بۆ کەشی خوێندن. لە ئەو سەردەمەدا هەر دارێکی بەرزاییەکانی ئەشکەوت بوو بە شوێنێکی تایبەتی فەقێیان، هـەر فـەقێ و دارێکی تایبـەتی بۆ خۆی دەستنیشـان کردبـوو، لـە ئەوێنـدەر خـەریکی دەورو سـەعیکردنی خۆی دەبوو.

لە ڕۆژانی سێشەممانیش فەقێ پشوویان هەبوو، دیسان دەهاتنە ئەوێ، لە سەر بەرزانییەکانی (کانی ئەشکەوتێ) یاری خشۆکانێیان دەکرد، گەر زستانیش بوایە بۆ نموونە لە ماڵی (وەستا خدر هیرانی) کۆدەبوونەوە، چونکێ پیاوێکی کاسب و هەبوو بوو، فەقێی خۆشدەویست، جا شەوانی سێشەممان لە ئەوێندەر فەقێیان جەمعیان دەکرد، بە یاری کڵاو کڵاوانێ و گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهاتی پەند ئامێز بە سـەریان دەبرد و تـا درەنگـانی شــەو بــەردەوام دەبــوو، لــە ئەو شــەوەدا مێــوژ و گــوێز و هەنگوینیش بە سەر هەمووان‌دا دابەش دەکرا (هیرانی، ٢٠٢٣). هەرچەنـدە بژێوی فـەقێیان لـە لایـەن کـاکی هیرانـەوە دابـین دەکـرا، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشــدا لــە ســەر ئــاداب و کــەلتوری کۆمــەڵی کــوردەواری ئــەوکات، ڕاتبـەی فـەقێیانیش هـەبوو، کـە چـەند فەقێیـەک دەستنیشـان دەکـران بۆ ئەوەی بەسەر ماڵاندا بگەڕێن و شیو، یان خواردن بۆ فەقێکان بهێننەوە، خەڵکەکــەش لــە ئەمــەدا هاوکــار بــوون و بەڕووخۆشــی بــە چــاوی پیرۆزییەوە پێشوازییان لە ئەو فەقێیانە دەکرد کە ڕاتبەیان کۆدەکردەوە، ئەوەی لە دەستیان هاتبایە درێخییان نەدەکرد و پێشکەشیان دەکرد.

## ڕەنگدانەوەی زانست و ئەدەبی حوجرە لە شیعرەکانی صافی دا

حوجرەی هیران وەک هەر حوجرەیەکی دیکەی ئیسلامی نەریتی، لە پاڵ ئەرکە زانستی و ئایینی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەیدا، ئەرکێکی ڕۆشنبیریشی هەبووە کە لە ئەدەبدا بەرجەستە دەبێت، ئەویش بە (ئەدەبی حوجرە) ناسراوە، ئەدەبی حوجرەش هەموو ئەو نووسراوانە دەگریتەوە کە لەبازنەی ئەدەبدا جێیان دەبێتەوە وەک: (شیعر، پەخشان). ئەدەبی حوجرە بە خاڵی سەرەتای ئەدەبی نووسراوی کوردی دادەنرێت، ئێمەی کورد بەر لە ئەو ئەدەبە نووسراوە، ئەدەبێکی دەوڵەمەندمان هەیە بەناوی (ئەدەبی زارەکی) کە لەسینەوە بۆ سینە و دەماودەم پێمان گەیشتووە، بەڵام بە هۆی ئەدەبی حوجرەوە، ئەدەبی زارەکیش پەرەی سەند و ئەمەش قۆناغی ئەدەبی کلاسیکی کوردی نووسییەوە و چەسپاندی و زمانی کوردیشی جێگیر کرد کە وردە وردە بەرەو بە ستانداردبوون دەڕوات.

لە حوجرەی هیران، بایەخێکی زۆر بە خوێندن و خوێندنەوەی ئەدەب – بە تایبەتی شیعر- دراوە. فەقێ و مەلا و مودەڕڕیس و کاکەکانی ئەوێ وەک کاک موستەفای صافی، یان شاعیر بوون، یان شیعر دۆست. هەر لە حوجرەی هیران، دەنگبێژانی کورد شیعرەکانی صافی هیرانی و شاعیرانی دیکەیان لە بۆنەکاندا یان بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش وەک پشوودانێک چڕیوە، ئەم نەریتە تا ئێستاش بەردەوامە. ئەوان بە شێوەیەکی کراوە لە ئەدەب و هونەریان ڕووانیوە و ئازادییەکی زیاتریان پێبەخشیوە، بەڵام ئازادییەکی ڕەها نا. ئەوان ئەدەب و هونەریان توند شەتەک نەداوە، چونکە زانیویانە ئەدەب و هونەر ئازادییان لە پێناو داهێناندا دەوێت. هەر فەقێیەک بۆ ڕۆژێک هاتبێتە هیران هەستی بە جوانی نەشونمای حوجرەکە و لە باری دۆخی

خوێندنەکەی کردووە، زۆرێک لە فەقێکان و مامۆستایانی حوجرەی هیران نووسەرەوەی شیعر و غەزەلیاتی صافی بوون، بۆ نموونە: (مەلا عەزیزی صافی هیرانی) و (مەلا عەبدوڵڵای موکریانی) دوو لە ئەو کەسانە بوون کە شیعرەکانی صافییان یادداشت و ئەزبەر دەکرد.

ئەدەبی حوجرە لە ئەو کاتەوە دەستی پێدەکرد کە منداڵان دەچوونە خوێندنی ئاینی، لە سوختەخانەکاندا وانەیان پێدەگوترایەوە، مەنهەجی ئەو وانانە هەندێک وردە کتێبی زمان و ئەدەب بوون، سوختەخانەش بەشێک بووە لە حوجرە، ئەو سوختەیەی قورئانی تەواو دەکرد و وردە کتێبەکانی دەخوێند، زەینکراوە و چالاک دەبوو، خوێندنی ئەو کتێبانە بەشێک نەبوون لە دوانزە عیلمی مەلایەتی، بۆ ئەوە بوو قوتابی دەستی دایە خوێندنی زانست، بەئاسانی وەریبگرێت، خوێندنیش لە هەموو سوختەخانەکانی کوردستاندا بە تەواوەتی وەک یەک نەبوون، بەڵام لێکچوونیشیان هەبووە، بۆ نموونە کتێبی (ئەحمەدی) لە سلێمانی و دەشتی هەولێر و کۆیە و باڵەکایەتی خوێنراوە، وەلێ لە ناوچەکانی کرمانجی ژووروودا (نەوبەهار)ی ئەحمەدی خانی خوێنراوە.

هەروەها هەندێک وردە کتێبی دیکە هەبوون وەک: (ئیسماعیل نامە، باغەبان، سەنگتراش، نان و ماست، ناگەهان، بیاداود، گولستان و بوستان) و چەند کتێبێکی دیکە، ئەم وردە کتێبانە بە بۆچوونی مامۆستا (حەمە کەریم هەورامی) کە خۆیشی سەردەمانێک فەقێ بووە، کاریگەریی باشیان لە سەر تەمەنی منداڵیی سوختەکان هەبووە بۆ ئەوەی زانستەکانی حوجرەیان لا شیرین بکات و لە ناو فەقێکاندا بە نەخوێندنیان تەریق نەکرێنەوە. هەروەها ئەو وردە کتێبانە چێژیان بە سوختە بەخشیوە و بناخەی ڕەوشت باشییان بۆی دامەزراندووە.

بە بڕوای حەمە کەریم هەورامی، ئەو مەلا و زانایانەی کە هەڵکەوتە بوون و بوون بە شاعیر و بەرهەمدار و ناودار، بە هۆی ئەو وردە کتێبانەوە بووە. ئێمەش پێمانوایە دەکرێت ئەو وردە کتێبانە هاندەری سوختە و فەقێ بووبن بۆ چوونە ناو جیهانی ئەدەبەوە، بەڵام تاکە هۆکاری دروستبوونی شاعیرانی حوجرە نەبوون، چونکە شاعیرانی کلاسیکی کوردی کە بەرهەمی حوجرەن، پێویستییان بە زانستەکانی دیکەی وەک ڕێزمان (علم النحو) مۆرفۆلۆژی (علم الصرف) و ڕەوانبێژی (علم البلاغة) و ژیربێژی (لۆژیک/ علم المنطق) و کێشناسی (علم العروض) و زمانزانین و چەند زانستێکی دیکە هەبووە تا ببن بە شاعیرێکی هەڵکەوتوو. ئەگەر کنە و پشکنین بەناو شیعرەکانیاندا بکەین، شوێنپێی هەموو ئەو زانستانەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە پاش وردەکتێبەکانی قۆناغی سوختەیی کە قۆناغی یەکەمی مەلایەتییە، خوێندراون. بۆ نموونە لە بەیتێکی شیعرە فارسیەکانی صافیدا هاتووە و دەڵێت:

**بر نسخهء صغرای تو کونین برد رشک**
**چون نسخهء صغرای تو کبرای محبت**
**در معنی کبرای تو شد سر خلایق**
**أی سر دو عالم ز تجلای محبت** (صافی، ٢٠١٥، ل ٤١٥)

لەم بەیتەدا کاریگەری زانستی لۆژیک کە صافی لە حوجرەدا خوێندوویەتی دەبینین، چونکە باسی هاوکێشەیەکی قیاسی لۆژیکی دەکات و بۆ ئەمەش هەریەک لە زاراوەکانی (صغری) و (کبری)ی بەکارهێناوە ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی بەڵگاندن (الحجاج/ argument)ی لۆژیکی، شاعیر توانیویەتی هەریەک لە زاراوەکانی

سەرەوە بە بابەتی عیشق و ڕۆڵی لە ئەفراندنی بووندا ببەستێتەوە. شاعیر ڕووی قسەی خۆی دەکاتە پەروەردگار و باس لەوە دەکات هەردوو جیهان حەسرەت بۆ هەر دانەیەک لە ئەفراندنەکانی تۆ دەخۆن، ئەویش لە بەر ئەوەیە مەحەببەت بە هۆکاری هاتنەدی گەردوون دەزانن و نهێنی دروستکردنی هەردوو جیهان بۆ عیشق مەحەببەت دەگەڕێننەوە. کەواتە لە ئەم دێڕە شیعرەدا تەجەللا و هاتنە دی ئەو گەردوونەی بە چاو دەبینرێت هەستی پێدەکرێت (صغری)یە و دەرئەنجام و هۆکاری هاتنەدی گەردوون کە مەحەببەتی دەزانێت (کبری)یە(حاجی، ٢٠٢٣، ل ٤٢).

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، مەلای حوجرەی ئیسلامی نەریتی جاران، بۆ ئەوەی زانیاری زۆری دەستبکەوێت و لە شێوازی وانەگوتنەوە و ڕەوشی خوێندنی جیاواز لە حوجرەکانی کوردستاندا شارەزا بێت و زمان و کەلتوری جیاواز فێر بێت، لە چەند حوجرەیەک خوێندوویەتی، بۆ نموونە صافی ماوەیەک لە کۆیە لە (حوجرەی مزگەوتی جامی) لای (مەلا سادق) خوێندوویەتی. هەر لە کۆیە وانەی لای چەند زانایەکی ئایینی دیکەش خوێندووە، شێخ جونەید (خەزان) کە کوڕی صافییە دەڵێت: باوکم کتێبی (المطول) لە زانستی ڕەوانبێژی (علم البلاغة) خوێندووە. بەڵام شێخ عەبدولکەریم (وریا)ی برای خەزان، دەڵێت: باوکم کتێبی (جمع الجوامع)یشی لە (أصول الفقه)دا لای (قازی عەلی) باوکی پێشەوا (قازی محمد) لە (سابڵاخ) خوێندووە (حەسەن، ١٩٩٣، ل ١٠). بە هەر حاڵ هەر دوو کتێبەکە لە ڕیزبەندی کۆتا کتێبەکانی مەنهەجی حوجرەدان و دەرخەری ئەوەن صافی پلە بە پلە بە مەنهەجەکەدا سەرکەوتووە و کۆتا کتێبە مەنهەجییەکانی حوجرەی لە چەند ناوچەیەک خوێندووە و بەرهەمی زانستە جۆراوجۆرەکانی حوجرەی

مزگەوت بووە، ئەو زانستانەش لە ڕێگەی دوو زمانی سەرەکییەوە بە فەقێ گەیشتوون کە زمانی (عەرەبی) و (فارسی)ن، لەبەر ئەوەی شاعیرانی کوردی فارسیزان و عەرەبیزان بوون، لە شیعرەکانیاندا پەنایان بۆ وشەکانی ئەو دوو زمانە بردووە، وشەکانیش لە کتێبە مەنهەجییەکانی حوجرەدا بەکار هاتوون، بۆ نموونە صافی هیرانی چەندین وشەی عەرەبی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، لەوانە : (باطن، ظاهر، عجز، وصل، هجران، نار، عدم، تضمین، جنه...تد). وەک لە ئەم بەیتە شیعرەی شاعیردا دیارە:

**ئەوەندەم (عجز) و شادی (وصل) و (هجران) دیوە ئەی یاران**
**لە ڕۆژی حەشردا نە حاجەت جەننەت و نارم** (صافی، ٢٠١٥، ل ١٢٥- ١٢٦، ١٣١- ١٣٢)

هەروەها صافی چەندین وشەی فارسیشی بەکارهێناوە، لەوانە: (دود، گواهی، ماه، نمکبار، رخ، رام، مرغ، نغمە خوان و...تد) وەک لەم بەیتە شیعرە بەناوبانگەیدا دەیبینین کە لە لایەن هونەرمەندی دەنگبێژ (تاهیر تۆفیق)ەوە کراوە بە گۆرانی و چەندین گۆرانیبێژی دیکە گوتوویانەتەوە:

**ئەی موتریبی حەریفان دەسکە بە نەغمە خوانی**
**ئاوازی تۆیە بۆ دڵ وا دەفع ئەکا غەمانی** (صافی، ٢٠١٥، ل ١٢٥- ١٢٦، ١٣١- ١٣٢)

لەم بەیتەدا جگە لە وشەی (نەغمە خوان)ی فارسی وشەی (مطرب، دفع و حریف)ی عەرەبیشی بەکارهێناوە، بێگومان بەکارهێنانی هەموو ئەم وشە عەرەبی و فارسییانە بەهۆی کاریگەریی ئەو زانستانەوە بوون کە بە زمانی عەرەبی و فارسی لە حوجرەدا خوێندراون. لە هەمان بەیتدا صافی داوا لە موتریب دەکات بە ئاوازی خۆی گۆرانی بۆ بڵێت، ئەمەش بیرکراوەیی صافیمان نیشان دەدات. شاعیر هەرچەندە مەلا بووە، بەڵام ئەمە ڕێگری لە ئەوە نەکردووە گوێ لە گورانی بگرێت،

لەئەمەشدا لەسەر ڕێچکەی ئەو فەیلەسوف و زانا مسوڵمانانەی وەک: (ئیبن سینا، خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی، فارابی، کیندی و سەفیەدینی ئەرمەوی، فارابی و ئیبن سینا) بووە کە ئاوڕیان لە بابەتەکانی کێش و ڕیتم لە شیعرو مۆسیقادا داوەتەوە و ڕۆڵێکی سەرەکییان لە چەسپاندنی بۆ چوونەکانی (ئەرستۆ) لەشیعری ڕۆژهەڵاتیدا گێڕاوە (فرج، ٢٠١١، ل ١٠-١١) فیکرو کتێبی ئەو زاناو فەیلەسوفە بیرکراوانەی ئیسلام لە مەنهەجی حوجرەکانی کوردستاندا خوێندراون و ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی صافی هیرانیدا هەیە کە لەڕووی کێشی عەروزی خەلیلی و ڕیتم و میوزیکەوە لە ئاستێکی بەرزدان، ئەم کێشەش لە زانستی کێشناسی (علم العروض) لەحوجرەکاندا بەوردی خوێندراوە، هەر لەبەر ئەوەیشە زۆربەی شیعرەکانی صافی لەلایەن هونەرمەندە دەنگبێژە گەورەکانی کوردەوە کراون بەگۆرانی. یەکێک لە بەناوبانگترین ئەو شیعرانەی صافی هیرانی کە کراون بە گۆرانی شیعری (ئەی موتریبی حەریفان)ە کە بووە بەیەکێک لە گۆرانیە هەرە بەناوبانگەکانی هونەرمەندی گەورەی کورد (تاهیر تۆفیق).

## ڕۆڵی حوجرە و کتێبەکانی لە کراوەیی هزریی صافی دا

ئەو کتێبانەی کە بوارە جیاوازەکانی زانست و فیکر و ئەدەب و عیرفان و تەسەوف و تەنانەت هونەردا، لە حوجرەکانی جارانی ئیسلامی نەریتیدا خوێندراون و خوێندراونەتەوە، ڕۆڵێکی گەورەیان لە کراوەیی هزریی مەلاو فەقێ و تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە. بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەو کتێبانە لە مەنهەجی حوجرەکانی ئەم

سەردەمەی ئیسلامی نەریتیدا وەک پێشان نەماون. هەروەها (ئیسلامی سیاسی)ش بە سەلەفی و ئیخوانەوە، مەنهەجێکی نامۆی بە کۆمەڵگەی کوردیی هاوردە کردووە کە بووە بەهۆی توندڕەی و داخران و پاشەکشەی پێکەوەژیان.

بەهەر حاڵ، ئەوەی بیری صافی وەک مەلایەک کردووەتەوە، تەسەوف و عیرفان و ئەو مەنهەجە زانستییە بووە کە لە حوجرە خوێندوویەتی، ئاخر لەو مەنهەجەدا کتێبی لۆژیک و عەقڵ لە کتێبە سەرەکییەکانن و وانەی ئەو کتێبانە لە مەنهەجەکەدا ڕاستەوانە (درس مستقیم)ن نەک لادەرس.

صافی هیرانی وەک دەرچوویەکی حوجرەی جارانی ئیسلامی نەریتی، کەسایەتییەکی کراوەی مرۆڤدۆستی هەبووە، کراوەیی بیری صافی هیرانی وایکردووە لە مزگەوتی گەورەی شەقڵاوە -کە تەکیەیەکی قادری سەر بە کاکەکانی هیرانی لێبووە- خانەقایەکی سەر بە تەریقەتی نەقشبەندیش لە ژێر سەرپەرشتیاری (شێخ عەلی حیسامەدین) بکرێتەوە، مزگەوت و تەکیەکەش بوون بە ڕەمزی تەبایی و پێکەوەژیان لەنێوان دوو ڕێبازی سۆفیگەریدا، ئەمەش بۆ یەکەمجار بووە لەمێژووی کورددا دوو ڕێبازی سۆفیگەری دوور لە ململانێ تەنیا یەک دیوار لە نێوانیاندا هەبووبێت (هیرانی، ٢٠٢٣). هەروەها لە نێوان صافی و پەیڕەوانی ئایین و نەتەوەکانی دیکەدا پەیوەندی پتەو هەبووە، بۆ نموونە صافی لە شەقڵاوە دۆستایەتی لەگەڵ کەسایەتییە ئایینییە مەسیحییەکانی وەک : (قەشە جبرائیل، قەشە ئەپرێم) هەبووە کە زۆر دڵسۆزی صافی بوون (هیرانی، ٢٠١٥، ل ٤٣). لە سەردانە مەیدانیەکەیشمدا وەک توێژەر بۆ (مەزاری مەرقەدان) لە هیران گۆڕی خەلیفەیەکی صافیم دی کە (ئازەری) بوو. بێگومان هەڵوێستی صافی بەرانبەر بە

ئـایین و ئـاینزا و تەریقەتـەکانی دیکـە بـە دەر نـەبووە لـە کاریگـەریی عیرفـان، یـەکێک لـە ئەو بابەتانـەیش لـە عیرفانـدا بـاوە و باسـی لێـوە دەکرێت، یەکبوونی ئاینەکان و ئامانجەکان و وەلانانی دەمارگیرییە، لـە ئەمەشدا عاریفان پشت بە هەندێک ئایەت دەبەستن کە هـەمووان بـەرەو پەرستنی خودایەکی تاک ئاراستە دەکەن.

لەعیرفاندا خـودا بـە مەعشـوق دەزانرێت، هـەموو ئاینـەکانیش ئـەرکیان ئەوەیـە خـەڵکی بـەرەو ئـەو مەعشـوقە بـەرن، عاریفـەکان پێیانوایـە گەردوون تەجەللای عیشقی پەروەردگارە و هـەموو بوون دەرکەوتـەی مەعشوقێکە کـە زاتـی خودایە، بۆیـە مرۆڤ ڕوو بکاتـە هـەر شـوێنێک و سـەر بە هـەر ئایین و ئاینزایـەک بێت لـە ئەنجامدا ڕووی لـە خودایـەک کـردووە کـە وەک مەعشـوقێک لـە گشـت جێیـەک دەرکەوتـەی هەیـە. بـە کـورتی عاریفـان پێیانوایـە تـەواوی ئایینـەکان بـەپێی قورئـان لـە لایـەن پـەروەردگارەوە هـاتوون (حـاجی، ٢٠٢٣، ل ١١٦-١١٧) پـەروەردگاریش لـە قورئاندا دەفەرموێت: "قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَي كَلَمَةٍ سَواء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُون" (آل عمران، ٦٤). لـەم ئایەتـەدا خـودای گەورە ڕوو لە پێغەمبـەر محمد (د.خ) دەکات کـە شـوێنکەوتووانی کتێبـە ئاسـمانییەکان بانگهێشـت بکـات بـۆ ئـەوەی جگـە لـە (اللـه) کەسـی دیکـە نەپەرسـتن و هـاوەڵی بـۆ پەیـدا نەکـەن. هـەر لە ئەم فەلەکـەدا صـافی هیرانی لە شیعرێکی فارسیدا دەڵێت:

**مقصد از معبده و میکده گر یار بود**
**چه تفاوت کند إسلامی و أصنامی را** (صافی، ٢٠١٥، ل٣٩٥ )

واتە ئەگەر دوا ئامانجی پەرستگا و مەیخانە بەیار گەیشتن بێت، ئیتر چ جیاوازییەک هەیە لەوەی مسوڵمانبین یاخود بتپەرست. کەواتە مادام ئامانجی عاریف ئەوە بێت بە مەعشوقی حەقیقی و ناواخن بگەن، ڕۆحی تەواوی ئاینەکانی دیکەش هەر ئەمە بێت و پێکرا یەک پەیام و مەبەستیان هەبێت، ئیدی صافی هیچ جاوازییەک لەنێوان ئەو ئاینانەدا نابینێت، چونکە گشتیان جیلوەی مەعشوقێکی ئەزەلین. لە شوێنێکی دیکەدا بە یەک چاو سەیری خانەقا و تەکیە و مەیخانە دەکات و دەڵێت:

**لەبەر مەیلی مەیی عیشقی تووە یاری وەفادارم**
**لە تەکیە و خانەقا دەرچووم خەریکی دەیر و زینارم** (صافی، ٢٠١٥، ل ١٩٤)

صافی لە دێرێکی دیکەدا، تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە ئایین و ئاینزاکانی دیکە دەخاتەڕوو، دەڵێت:
**گهی در دیرام راهب، گهی در مسجدم صاحب**
**گهی می خانه را طالب، ولی هرجا خدا دارم** (صافی، ٢٠١٥، ل٥١٦ )

واتە: هەندێکجار تەرسایەکم و لە ناو پەرستگەدام و جاری وایە لە ناو مزگەوتدا خانەخوێ و خاوەن ماڵم. هەندێک جاری دیکە بە دوای مەیخانەدا وێڵم، بەڵام لە هەر کوێیەکبم خودا لەگەڵ مندایە (حاجی، ٢٠٢٣، ل ١٢٠- ١٢١).

لە ئەو نموونانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت صافی لە ڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتی و نووسینی شیعرەوە کەسایەتییەکی کراوەی هەبووە و شەریعەت و تەریقەت و شیعر و هونەری بە یەکەوە گونجاندووە و لە دەقە شیعرییەکانیدا زۆر بایەخی بە میوزیک داوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی

ئەو پەیوەندییەیە کە لەنێوان تەسەوف و مۆسیقادا هەیە. شاعیر بەو پەڕی ڕێز و شکۆوە باسی لە ئاواز و میوزیک و ئامێرە میوزیکییەکان کردووەو و وەک هۆیەک لە هۆکانی سافبوونەوەی گیان سەیری کردووە و بەردەوام بەدوای دەنگبێژی بەناوبانگدا گەڕاوە تا نەوای نوێی گوێ لێبێت، بۆیە زۆر جار کە دەیبیست گۆیندە یان دەنگبێژێکی نایاب لە شوێنێک هەیە تا نەیهێنایە ئارامی نەدەگرت. هەموو دەم کۆڕی دوەخانەکەی نەواخوانی تیادا بوو، دەتگوت دیوەخانی خەنەدانی پەروێزە. بۆ هەر شوێنێک بچووایە ئەوا گۆیندە تایبەتییەکانی خۆی لەگەڵ خۆی دەبرد بەتایبەتی (حاجی عەبدوڵڵای دەفژەن) و (فەقێ خدر) و (دەروێش مستەفا) کە بە دەنگ و ئاوازی خۆشیان مەجلیسیان دەهێنایە جۆش و خرۆش (فرج، ٢٠١١، ل١١٢).

بەکورتی، صافی هەرچەندە کاکێکی تەریقەتی قادری و مەلاچاک و شارەزای شەریعەت بووە، ئەمە نەبووە بە هۆی ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئایین و ئاینزاکانی دیکە و تەریقەتی نەقشبەندیدا ببڕێت و شیعری تەڕوبڕی دڵداری نەنووسێت و گوێ لە میوزیک و گۆرانی نەگرێت و شارەزایانە باسی مەقام و ئاوازەکان نەکات، ئەمەش بۆ ئەو پاشخانە زانستییەی دەگەڕێتەوە کە لە سەر بنەمای مەنهەجی ئەوسای حوجرەکان بنیاتنراوە کە زانستی کەلام و فەلسەفە و لۆژیک و ئەدەب و عیرفان و هونەر و سەوفی تیادا بووە و کاریگەری لە سەر کراوەیی بیری مەلای کورد و شاعیرانی کلاسیک کردووە و لە توندڕەوی و دەمارگیری دووری خستوونەتەوە و بەرەو پێکەوەژیان ئاراستەی کردوون.

## ئەنجامەکان:

١- حوجرەی هیران مێژوویەکی کۆنی هەیە و بۆ سەردەمی میرسولەیمان (شێخ سولەیمانی میری سۆر) دەگەڕێتەوە، مێژووەکەیشی درێژکراوەی هەمان مێژووی ئەو حوجرە و قوتابخانە ئاینییانەیە، کە لەدوای هاتنی ئیسلامەوە لە کوردستاندا دروست بوون و بوون بە مەڵبەندێکی زانستی و ڕۆشنبیری گرنگ و چەندین زانای ئایینی و شاعیر و سیاسەتمەدار و هونەرمەند و مێژوو نووسیان بۆ کورد و جیهانی عەرەبی و ئیسلامی پێگەیاندووە.

٢- مەنهەجی حوجرەی هیران هەمان ئەو مەنهەجەیە لە حوجرەکانی دیکەی کوردستاندا پەیڕەو کراوە، هەر ئەو مەنهەجە پاشخانی زانستیی صافی هیرانی و شاعیرێکی کلاسیکی کوردی پێکهێناوە، کە کەسایەتییەکی کراوەی میانڕەوی مرۆڤدۆست و ئەدەبدۆست و هونەردۆستی لێ دروستکردووە کە بڕوایەکی تەواوی بە پێکەوەژیان و قەبوڵکردنی ئاین و ئاینزا جیاوازەکان هەبووە. نهێنی میانڕەوی صافی و حوجرەی ئیسلامی نەریتی بوونی تەسەوف و عیرفان و ئەدەب و هونەرە لە ژینگەی خوێندندا.

٣- صافی هیرانی لە ڕووی زانستییەوە لە ئاستێکی بالادا بووە و هەموو مەنهەجی باوی حوجرەی لە سەردەمی خۆی لە حوجرەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خوێندووە، بەڵام مۆڵەتی مەلایەتی وەرنەگرتووە، چونکە ئەوە نەریتێکی باو بووە لە ناو کاکەکانی هیراندا.

٤- ئەو پاشخانە زانستییە پتەوەی صافی هەیبووە، لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام ئەمە نەبووە بە هۆی ئەوەی وشکی زانستەکان، بە تایبەتی زانستە عەقڵییەکان بە سەر نەرمی و ناسکی و میوزیکی شیعرەکانیدا زاڵبێت.

٥- حوجرەی هیران لە دەڤەری خۆشناو مەڵبەندێکی گرنگی ڕۆشنبیری و کوردایەتی بووە و توانیویەتی چەندین زانای ئایینی و کەسایەتی ئەدەبی و کوردپەروەر پێبگەیەنێت کە صافی هیرانی یەکێکە لەوان، ئەمەش بووە بە هۆی ئەوەی چەندین جار لە لایەن دوژمنانی کورد و کوردستانەوە پەلاماربدرێت و تێک بدرێت و کتێبخانەکەی بسوتێنرێت کە چەندین دەستنووسی بە نرخی تیادا بووە.

٦- هەڵکەوتەی جوگرافی حوجرەکە لە نزیک شارۆچکەی (کۆیە) و پەیوەندی کاکەکانی هیران وەک مەلاچاک و شێخ و ڕابەری تەریقەتی قادری بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە شێخانی نەقشبەندی هەورامان و پێکهاتە ئاینیەکانی ناوچەکە و چینەکانی کۆمەڵگەوە، بووە بە هەوێنی پتەوکردنی پەیوەندی زانستیی و کۆمەڵایەتی و ئاییني لە نێوان حوجرەی هیران و ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا.

٧- حوجرە و کاکەکانی هیران تەنیا کاریگەرییان لە سنووری دیاریکراوی خۆیاندا نەبووە، بەڵکو توانیویانە پەلوپۆ بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان بهاوێژن و لەوێش خزمەت بە ئایین و زانست و ئەدەب و کۆمەڵگا و تەسەوف بکەن.

٨- لە ناو هەموو کاکەکانی هیراندا، ڕۆڵی صافی هیرانی لە پەرەپێدانی حوجرەکەدا دیارترە، ئەویش بە هۆی ناوبانگی صافی وەک شاعیرێکی دیار و پەیوەندی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە.

## ڕاسپاردەکان:

١- بەباشی دەزانین کە خەمخۆرانی وڵات جارێکی دیکە حوجرەی هیران ئاوەدان بکەنەوە، چونکە ئەو حوجرەیە لە مێژوودا گەلێک زانای ئایینی میانڕەو و کەسایەتی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ کورد پێگەیاندووە، هەر لە سەر بوونی ڕۆحی کوردایەتی لە ناخی سەرپەرشتیاری و مودەڕڕیس و فەقێکانی ئەوێ، چەند جارێک بەر پەلاماری دوژمنانی کورد کەوتووە.
٢- جگە لە صافی، حوجرەی هیران چەند شاعیرێکی دیکەی پێگەیاندووە، بە تایبەتی لە ناو بنەماڵەی کاکەکانی هیران، پێویستە هۆنراوەی ئەوانیش بە باشی کۆبکرێتەوە و لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە بکرێت.
٣- شیعرە کوردییەکانی صافی زیاتر ئاوڕیان لێدراوەتەوە، بەڵام هۆنراوە فارسییەکانی لێکدانەوە و شەرحیان بۆ نەکراوە و وەک پێویستیش نووسین و لێکۆڵینەوە لە بارەیانەوە نییە. ئەمە بۆ شاعیرەکانی دیکەی کلاسیکی کوردی وەک (مەولەوی) و (مەحوی) شاعیرانی دیکەیشمان دروستە، بۆیە پێشنیاز دەکەین سندوقی نەکراوەی شیعری شاعیرانی دیکەی کلاسیکی کورد کە بە زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی نووسراون، شەرح بکرێن و لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە بکرێت، بە تایبەتی لە بەشەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی زانکۆکانی کوردستان.

## ژێدەرەکان:

### * قورئانی پیرۆز
### -بە زمانی کوردی. یەکەم: کتێب


- ئاغا بەگ، عیماد ئەحمەد حەمید (٢٠٢٣) مێژووی شەقڵاوەی پێکەوەژیان، بەرگی دووەم.
- شرفکندی، عبدالرحمن (١٣٩٣ هـ ش) دیوانی عارفی ڕەببانی شێخ ئەحمەدی جزیری مەشهوور بە مەلای جزیری "قدس سره العزیز، تهران: نشر پانییژ.
- خەزنەدار، مارف (٢٠٠١) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- بەرزنجی، عومەر شێخ لەتیف (٢٠٠٧)، رەوشی حوجرە لە پێگەیاندنی زانا ئاینییەکانی شاری هەولێر، هەولێر: چاپخانەی منارە.
- زەڵمی، مستەفا (٢٠١٤)، کاروانی ژیانم، بەرگی یەکەم ١٩٢٤-١٩٥٥.
- صافی کاک مصطفی کوڕی کاک عەبدوڵڵا (٢٠١٥)، دیوانی صافی هیرانی، لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی محەمەدی مەلا مستەفا هیرانی، چاپی دووەم، هەولێر: کتێبخانەی (مەحوی) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- عەلیاوەیی، مەلا محەمەد عەلی (٢٠٠٣)، ژیانی فەقێیاتی لە کوردستاندا لە سەدەی ١٣ و ١٤ی کۆچیدا.
- قەرەداغی، محەمەد عەلی (٢٠٠٩)، دیفاعێک لە خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا: سلێمانی، ناوەندی ئارا.
- قەرەداغی، محەمەد عەلی (٢٠١١) بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی نۆیەم، هەولێر: دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس.
- موکریانی، گیوی (١٩٧٣)، دیوانی صافی، چاپی سێیەمین، هەولێر: چاپخانەی کوردستان.
- نظام الدین، فاضل (٢٠٠٧)، فەرهەنگی شیرین، چ٤، سلێمانی: دەزکای سەردەم.
- هەورامی، حەمە کەریم (٢٠٠٨)، مێژووی پەروەردەو خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا، بەرگی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

– وریا، شێخ عەبدولکەریمی کوڕی صافی هیرانی (٢٠٢٤) دیوانی وریا، نووسین و ئامادەکردن و ڕاڤەی: نیاز مەستی، هانا کاکی هیرانی، قوم.

**دووەم: نامەی ئەکادیمی**

–حاجی، فریاد نیهاد (٢٠٢٣) بەراوردی عەشقی عیرفانی لە شیعرەکانی صافی هیرانی و مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی دا، ماستەرنامە، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی پەروەردە.

–حەسەن، سەردار ئەحمەد (١٩٩٣) سافی ژیان و بەرهەمی، ماستەرنامە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

–فرج، عثمان عبدالله، ڕەهەندی مۆسیقی لە شیعرە کوردییەکانی (صافی)دا (٢٠١١)، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

–قادر، لقمان محمد (٢٠١٣)، پێگەی شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە (١٩١٨– ١٩٥٨)، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو.

**سێیەم: ئینتەرنێت**

– عەزیز، بەشار ( ٢٠٢٣) چیرۆکی خۆشناوەکانی ئەفریقا.. لە سیساوەوە تاوەکو کەیپ تاون، ماڵپەری (ڕووداو)، ڕێکەوتی سەردانیکردنی (٢٠/ ١١/ ٢٠٢٣):
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0711202315

**دیمانە:**

– دیمانە لەگەڵ مامۆستا مەلا (خدر سکتان) لە هیران، ڕۆژی (یەکشەممە)(١٤/ ١/ ٢٠٢٤).

– دیمانە لەگەڵ مامۆستا مەلا (سابیر موزەفەر) هیران، ڕۆژی (یەکشەممە) (١/١٤/ ٢٠٢٤).

– دیمانە لەگەڵ کاک شێخ (سانی هیرانی) لە هیران، ڕۆژی (شەممە ) (٣٠/ ١٢/ ٢٠٢٣).

– دیمانە لەگەڵ مامۆستا شێخ (هانا هیرانی) لە هیران، ڕۆژی (شەممە) (٥/ ١/ ٢٠٢٤).

**بەزمانی عەرەبی: یەکەم: کتێب:**

-إسماعيل، زبير بلال (١٩٨٤) علماء ومدارس فى أربيل، الموصل: مطبعة الزهراء الحديثة.

-رؤوف، د.عماد عبدالسلام (٢٠٠٨) مراكز ثقافية مغمورة في كردستان دراسة فى أهم المراكز الثقافية التى برزت في كردستان العراق خلال القرون المتأخرة، دهوك: مطبعة خاني.

-ابن منظور (١٩٩٩)، لسان العرب، ط٣، لبنان: دار إحياء التراث العربي.

- البرادوستي، بلال ملو برخال (٢٠١٨) المدارس العلمية ودورها في إعداد العلماء والدعاة في أربيل.

-القيسي، ماجد أيوب ( ٢٠١٨)، المناهج وطرائق التدريس، عمان، دار أمجد للنشر والتوزيع.

**دووەم: گۆڤاری زانستی**

- البرواري، زكي ملا حسين (٢٠١٣) الحالة العلمية ودور المساجد المدرسية فى كوردستان العراق، المؤتمر الدولي للعلوم الإسلامية بين المدارس التقليدية والكليات الدينية المعاصرة، جامعة بنكول.

**سێیەم: ئینتەرنێت**

- الأسدي، نعمة (٢٠٢١)، مفهوم المنهج، تاريخ الزيارة: (١٨، ٨، ٢٠٢٣): https://www.researchgate.net/publication/348691531_mfhwm_almnhj